**ژان ژینییه** **Jean Genet**



# کارەکەرەکان

Les Bonnes

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە**

**دلاوەر قەرەداغی**

**بەراوردکردنی لەگەڵ دەقە فەڕەنسییەکەدا**

**د. ئەحمەدی مەلا**

**پێشەکی: دانا ڕەئوف**

چاپی یەکەم

**2006**

ناوی کتێب: کارەکەرەکان
بابەت: شانۆنامە
نووسینی: ژان ژینییە
وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
چاپی یەکەم
2006

# ژان ژینییه
# قەدیس و شەهید

دانا رەئوف

## ژان ژینییه ... ئەفسانە و واقیع

ژیانی ژان ژینییە، لەدایکبوونی، گەورەبوونی، یاخی بوونی، نووسینەکانی، پێوەندییە سێکسییە ناتەباکانی، بەدمەستیی، سواڵکردن، هۆمۆسێکسواڵیی، دزیی، بەندیخانە و تەنانەت مەرگیشی، واقیع و خەیاڵ تیایاندا تێکەڵاو دەبێت و ئەفسانەیەکی جیاواز دەخوڵقێنێ.

ئەفسانەیەك كە فەیلەسوف و نووسەری گەورەی فەڕەنسی ژان پۆڵ سارتەر 1905– 1980 بە ( قەدیس و شەهید ) ئاماژەی بۆ دەكات.

ئەم نووسەرە یاخییە لە نۆزدەی مانگی دیسەمبەری ساڵی 1910 دا لە پاریس بە زۆڵیی لەدایك بووە، باوكیشی تا ئێستایش نازانرێ كێ بووە، دایكی ئافرەتێكی سۆزانی بووە و بۆ دابینكردنی ژیانێكی كولەمەرگیی جەستەی خۆی فرۆشتووە. لەدایكبوونی ژان ژینییەش هەر لەسەرەتاوە كارەساتێكی كۆمەڵایەتیی، ئاكاریی و دەروونیی بۆ ئافرەتێكی بێكەسی بێ دەرامەت دروست دەكات. بێگومان ئەو ئافرەتە نەك توانای پەروەردەكردنی ئەو كۆرپەیەی نابێت، بەڵكو ناتوانێ لەسەر ئاستێكی زۆر ساكاریش – بژێوی ژیانی خۆیشی دابین بكات. لەبەر ئەوە، ئەو ئافرەتە تەنها دوای حەوت مانگ ئەو كۆرپە تازە لەدایكبووە دەداتە دەست یەكێك لە هەتیوخانەكانی ئەوكاتەی پاریس.

هەر بە ماوەیەکی کەم خێزانێکی جووتیار لە باشووری فەڕەنساوە دێن و ئەو منداڵە هەتیوە دەگرنە خۆ، بەڵام ژان ژینییە هەرگیز لەنێو ئەم خێزانەدا جێگای نابێتەوە، هەرگیز نانێکی گەرم ناخوات و هەرگیز نابێتە منداڵی ئەم خێزانە و هەر زوو لەسەر دزیی پەرتەوازە دەبێت. پەرتەوازەبوونی ژان ژینییەش لەو سەرەتایەدا، لەو دەسپێکە نوێیەی ژیاندا، پەرتەوازەبوونی مرۆڤێکی گەورە و لەدایکبوونی ئەفسانەی جیهانێکی نوێیە. ژان ژینییە لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە واز لە قوتابخانە دەهێنێت، ڕێگایەکی چەوت دەگرێتە بەر، دەبێتە دز، هۆمۆسێکسواڵ، بەدمەست، شەڕانی و دوای ئەوە بۆ چەندین جار لەسەر دزیی دەگیرێ و لە بەندیخانەکان توند دەکرێت. بەم شێوەیەش ژان ژینییە هەموو قۆناخی هەرزەکاریی و گەورەبوونی لە بەندیخانەی چارەسەری گەنجان و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەباتە سەر، زۆر جار ڕادەکات و دەگیرێتەوە، ڕادەکات و دەگیرێتەوە. کە گەورەش دەبێت بەشێکی زۆری تەمەنی هەر لە بەندیخانەکانی فەڕەنسادا دەبانە سەر. ژان ژینییە لە

ساڵەکانی 1930 ی هەزارەی ڕابردوودا، گەشتێك دەکات بەنێو زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا، لەم قۆناخەدا زیاتر وەك دزێکی بچوك دەناسرێ و هەر لەم قۆناخەشدا دەکەوێتە فرۆشتنی لەشی خۆشی.

### نووسەری بەندیخانە

یەکەم ڕۆژی لەدایکبوون، یەکەم ڕۆژەکانی دیاریکردنی چارەنووسێکی ڕەش و هەڵگێڕانەوەی بەهاکانیش دەبێت. یەکەم ڕۆژەکانی ژیان لە هەتیوخانەکانی پاریسدا دەباتە سەر و لەنێو دیوارە ڕەق و تەقەکانی بەندیخانەکانیشدا گەورە دەبێت. ژان ژینییە لە بەندیخانەکاندا هەست بە ئازارەکانی هەتیویی خۆی دەکات، لەهەمانکاتدا لە مانا ڕاستەقینەکانی سەربەستییەکی ڕەهاش دەگات، ئەو سەربەستییەی بۆ ئەو بە تەواوەتی وونە. ژان ژینییە لە دەروازەی بەندیخانەکانەوە، لە ڕوانگەی ژیانێکی بوهیمییەوە، هەموو تەمەنی خۆی تەرخانی گەڕان و دۆزینەوەی چەمك و ماناکانی وشەی سەربەستیی دەکات. هەر لە

بەندیخانەش لە ئازارەکانی ( ئەوانیتر ) دەڕوانێ و لێیان تێدەگات، ئەوانیتر کە سارتەر بە ( دۆزەخ ) ئاماژەیان بۆ دەکات، بەڵام ژان ژینییە لەو دۆزەخەدا، دۆزەخی هاوڕێکانی بەندیخانەی، ئارامیی دەدۆزێتەوە.

بێ دایك و باوکیی و بێ لانەیی وا لە ژان ژینییە دەکات ڕێگایەکی تر، جیاواز لەو ڕێگایەی کە یاساکانی کۆمەڵگا دایانڕشتووە، هەڵبژێرێ. بەڵام لەو ژیانە پڕ لە تاوانە، بێگومان بەپێی یاساکانی کۆمەڵگا، سەربەستییەکی ڕەها بۆ خۆی دەخوڵقێنێ، لەهەمانکاتدا شتێکی دەوڵەمەند و شاعیرییش دەدۆزێتەوە.

لە ساڵەکانی 1940 دا ئەم قەدیس و شەهیدە بۆ ماوەیەکی درێژ لە سەختترین بەندیخانەکانی فەڕەنسادا توند دەکرێت، ئاستی هۆشمەندیی و توندوتیژیی بەندیخانە و هەستێکی قووڵی پەژارە و تەنیایی، حەزی نووسین و تواناکانی ئاستی نووسین لە مێشك و قەڵەمەکەیدا دەتەقێنێتەوە. لە بەندیخانەدا یەکەم وشەکانی دەنووسێ و هەر لە بەندیخانەشدا ئازارەکانی خۆی و ئازارەکانی هاوبەندەکانی بەرجەستە دەکات. ژان

ژينييه خۆی لەم بارەيەوە دەڵێت:( لەو بڕوايەدام كە هەر لەسەرەتای ژيانمەوە، خۆم بۆ بەدەستهێنانی هەست و هۆشێكی بەهێز ڕاهێناوە. ئەم هەست و هۆشەش لە نووسين زياتر بۆ هيچ شوێنێكی تری ڕانەكێشاوم. گەر نووسينيش مانای بەدەستهێنانی هەست و سۆزێكی بەهێز بێت، بەشێوەيەك كەوێنەی ژيانت بخولقێنێ ... بەڵێ لە بەنديخانەی نەوجەوانان نووسين سەرنجی ڕاكێشاوم .. لەو بڕوايەدا بووم كە هەرگيز لە بەنديخانە ناچمە دەرەوە. )

ژان ژينييه لە ئازارەكانی ژيانی خۆيەوە دەڕوانێتە ئازارەكانی ئەوانيتر و لە هەمانكاتدا دەبنە بەشێك لە ژيانی و سەرچاوەيەكی گرنگ بۆ نووسينەكانيشی.

ژان ژينييه لە ساڵی 1944 دا يەكەم ڕۆمانی خۆی بەناوی ( دز و خۆشەويستی ) لە بەنديخانە و بە زمانێكی بەرزی ئەدەبيی دەنووسێ. لە سەرەتادا ئەم بەرهەمەی لە دەرەوەی دەزگاكانی چاپەمەنييەوە بڵاودەكرێتەوە. ڕۆمانەكە سەركەوتنێكی گەورە بەدەست دەهێنێ، خوێنەرێكی زۆر و لايەنگيرانێكی بەهێز لە

دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، بۆ نموونە ژان کۆکتۆ، ژان پۆل سارتەر و کۆمەڵێ نووسەری گەورەی تری ئەو دەمە، لە نامەیەکدا بۆ سەرکۆماری فەڕەنسا، داوای لێبوردنی بۆ دەکەن. ژان ژینییە هەرچەندە سزای تاهەتایی بەسەردا درابوو، بەڵام بەپاڵپشتی چینێکی گەورەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسان، لە ساڵی 1948 دا ئازاد دەکرێت. ژان کۆکتۆ دوای بەربوونی ژان ژینییە دەڵێت: درەنگ یان زوو جیهان ددان بەوەدا دەنێت کە ژان ژینییە مرۆڤێکی بەڕەوشت بووە.

ژان ژینییە لە ڕۆمانی ( دز و خۆشەویستیی ) دا بە زمانێکی بەرزی فەڕەنسی، بە زمانێکی قووڵی ئایینی، بە زمانێکی پڕ لە هەست و هۆش، باسی جیهانی پیاوخراپیی، دزیی، بەدمەستیی و سروشتی سێکسەناسازیی ( الشذوذ الجنسی ) خۆی دەکات. لەم ڕۆمانەدا زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژەی ژیانێکی پڕ لە زەبروزەنگ، ناپاکیی، کۆمەڵگا بۆرژوازییەکان، بەندیخانە، تاوان، سزا و مەرگ دەکات. ژان ژینییە بە نووسینەکانی سەربەستی ژیانی خۆی دەکڕێتەوە، لە

هەمانکاتدا بەندیخانەکانی فەڕەنسا و یاساکانی سزا و کۆمەڵگا مەدەنییەکان ڕیسوا دەکات و دەرگایەکی تر بەڕووی ئەدەبێکی تردا، ستایلێکی جیاواز و هونەرێکی ناتەباشدا دەکاتەوە. ژان ژینییە یەکەم نوسەرە کە بەم شێوە بەرزە، ئەدەب و شانۆ، فەلسەفە و ئیستاتیکا، دەکاتە ئامرازی بەرگرییەکی بەهێزی تاوان و تاوانباران.

## ژان ژینییە: شەهید و قەدیس

ژیانی ژان ژینییە دەبێتە ئەفسانە و میتۆلۆژیایەکی مۆدێرن. ڕۆمانەکانی، شیعر و شانۆنامەکانی جیهانێکی نوێ و پانتاییەکی فەلسەفی و ژیانی تاوانبارەکان، دز و سۆزانییەکان، لە ناوەوە و لە دەرەوە بەرجەستە دەکات. چەمکەکانی تاوان و شەڕ لە فۆرمێکی ڕاستەوخۆ و لە هەمانکاتدا ناڕاستەوخۆشدا، سمبوڵە واقیعییەکانی خۆی تێکدەشکێنێ. پێکداچوون و یەکگرتنێکی سەرسوڕهێنەر و تەلیسماویی لەنێوان بەها پیرۆزەکان و هێزی شەڕدا هەیە، شەڕ و تاوانکاریی پرسیارێکە سەبارەت بە لێبوردن، تاوانێکیش مرۆڤ ناکاتە کەسێکی

شەڕانیی و دڕەندە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسێکی شەڕخوازە، بۆیە هەڵدەسێ بە کاری تاوانکاریی. گەر ئەو کەسە تاوانیش نەکات، هەر شەڕخوازە و تاوانبارە، چونکە ئەو کەسە شەڕ و تاوان لە ناوەوەیدا و لە دەروونیدا چەکەرەی کردووە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ژان ژینییە باسی یەکگرتنەوەی تاوانبار و پاکیزەیی دەکات.

لە سەرەتادا بەرهەمەکانی ژان ژینییە دەخرانە نێو خانەکانی فەلسەفەی خودێتییەوە، بەتایبەتییش لە بەرهەمەکانی سەرەتایدا. لەم بەرهەمانەدا وێنەی ئەو کەسایەتییە بێزارکەرانەمان بۆ دەکێشێ کە هەموو بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە وەلاوە دەنێن کە ئەوان کەوتوونەتە دەرەوەی یاساکانییەوە.

ڕەخەگر و لێکۆڵەرەوە سیکۆلۆژی و فەلسەفییەکان دەکەونە لێکۆڵێنەوە و ڕاڤەکردنی ژیانی ژان ژینییە و بەرهەمەکانی، زوربەی ئەو ڕەخنەگرانە بەرهەمەکانی دەبەستنەوە بە ژیانی تایبەتی ژان ژینییە خۆیەوە. بەم شێوەیەش چەمکێکی فەلسەفی، ئەفسانەیی و شیکاری

دەروونیی دەبەخشن بە ژیان و بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە.

ژان پۆل سارتەر بەرایی ئەم کاروانەیە و هەر سارتەر لە ساڵی 1952 دا کتێبێکی گەورەی شەش سەد لاپەڕەیی لەسەر ژیانی ژان ژینییە: ( ژینییەی قەدیس: کۆمیدی و شەهید ) Saint Genet: comedien et martyr بڵاودەکاتەوە. سارتەر لەم کتێبەیدا باسی ژان ژینییە وەك قەدیسێکی شەهید دەکات، هەروەها ژان ژینییە دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی ووردی فەلسەفەی ئێگزیستینیالیزمەوە: ژان ژینییە لە ژیاندا زۆر بەکراوەیی و ڕاشکاویی و بە قەناعەتەوە، دژی هەموو پرنسیپەکانی مەسیحییەت بووە، کە سارتەریش بە قەدیس ناوزەدی دەکات، ڕەخنەگرەکان ئەو قەدیسییەی ژان ژینییە دەبەستنەوە بە قەدیسی کلێساکانی فەلسەفەی خودێتییەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە ژان ژینییە وەك نموونەی مرۆڤێکی خودێتیی نوێ ئاماژەی بۆ دەکرێت. سارتەر لەو بڕوایەدایە کە ژان ژینییە لە دەرەوەی بازنەکانی کۆمەڵگادایە، لە بەرهەمەکانیدا،

کارەکتەر و کەسایەتی هەڵگەڕاوە و قێزلێکەرەوەی، هەر وەك کەسایەتی خۆی، خوڵقاندووە. ژان ژینییە فەلسەفەیەکی تایبەتمەندی لەناو بەها یاخیی و هەڵگەڕاوەکاندا بەدیهێناوە. لەو فەلسەفەیەدا ( تاوان و شەڕ ) جێگایەکی بەرزیان هەیە. شەڕ هێمای جوانیی و گەڕانە بەدوای ئەو بەهایانەدا کە مرۆڤ دەتوانێت هەموو بەهاکانی تر لەنێو بنەما ڕۆشن و باشەکانی نێو ژیاندا دووپات بکاتەوە.

هەرچەندە ژان ژینییە شەڕ و تاوان زۆر بەرز ڕادەگرێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك مەبەستی ئەوە نەبووە کە ڕۆ بچێتە خوارەوە بۆ سەر ئاستە نزمەکانی چەمکی شەڕ و وێنەیەکی چەوتی تاوان و خراپەکاریی بەرجەستە بکات. بەڵکو ژان ژینییە هەوڵیداوە تاوان، پیاوخراپیی، لە یاسا لادان و ژیانێکی بازاڕیی بکاتە شتێکی قووڵ، ڕازاوە، دەوڵەمەند، ئاهەنگ ئامێز و شیعریی. نووسینەکانی بەرپەرچدانەوەیەکی ئەخلاقیی و ئیرادەیەکی بەهێز و نوێخوازیی هونەریین. پاڵەوانە تاوانبارەکانی ژان ژینییە لە دەروونی خۆیان ڕادەکەن بۆ

دەرەوەی بازنەکانی ژیانە شەڕانگێزەکان و خۆیان لە شیعر و گۆرانیدا دەدۆزنەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە جوانیی، شەڕ، ئاکار و بەها پیرۆزەکان پێکدا دەچن و دەبنە یەك.

ژان ژینییە شێتێتیی بۆ ڕەفتاری خۆی هەڵدەبژێرێ، تا لەم ڕێگەیەوە لە ئاکار و بنەما باوەکانی کۆمەڵ لابدات. لە دوای ئەوەی لە بەندیخانەکاندا بووە نووسەر، کەوتە تەقەلای هەڵوەشاندنی ئەو ئاکار و بنەمایانەی کۆمەڵگای ئەوروپی لەسەر بنیاتنرابوو. هەر لەم قۆناغەشدا زۆر زاراوەی جیاوازی بەکارهێنا. جەستە و بنەما پیرۆزەکان و وێنەی ئەو دز و شێتانەی دەکێشا کە لە ژیانە سەختەکەی ڕۆژانە یان لەنێو بەندیخانەکاندا ڕووبەڕوویان دەبووەوە.

ژان پۆل سارتەر هەوڵدەدات بۆچوونە تیۆریەکانی خۆی سەبارەت بە ئازادیی، هەڵبژاردن و بەرپرسیارییەتیی لەڕێگای ژیانی ژان ژینییەوە ڕوونبکاتەوە. بەکورتی دەتوانین بڵێین کتێبەکەی سارتەر بەشێکی خوێندنەوەی ژیانی ژان ژینییەیە، بەشێکی

لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە، بەشێکی لێکۆڵینەوەی فەلسەفییە و بەشێکیشی شیکاری دەروونییە. کتێبەکەی سارتەر ناوبانگێکی گەورەی جیهانیی دەبەخشێتە ئەم نووسەرە، بەڵام لە هەمانکاتدا، ژان ژینییە دوای ئەو کتێبەی سارتەر و بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە نووسین دەکەوێت.

## ژان ژینییە و خەباتی گەلانی ژێر دەستە

ژان ژینییە هەر لە سەرەتای ژیانییەوە لەگەڵ ئازار و ژاندا گەورە بووە. لە بەندیخانەکانیشدا ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە کۆمەڵگا، دەوڵەت و دامودەزگا ڕامیارییەکان غەدری لێکردوون. هەر لەبەر ئەوەشە کە ژان ژینییە لە سەرەتای ژیانییەوە هەڵوێست وەردەگرێت و بەرگری لە هەموو چینە هەژار و بێهێزەکانی کۆمەڵگا دەکات. ئەو بەرگریکردنە لە ساڵەکانی شەست و حەفتاکاندا شێواز و شکڵێکی فراوانتر لەخۆدەگرێت، شێوازێکی نێونەتەوەیی سیاسیی و ئاشکرا.

ژان ژینییە لەم قۆناغەدا وەك کەسایەتییەکی سیاسیی و خاوەن هەڵوێست دەردەکەوێت و بەوپەڕی ئازایەتییەوە و بە هەموو شێوەیەك بەرگری و پشتگیریی لە جووڵانەوە ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەکانی دنیا دەکات. نەك هەر ئەوە بەڵکو ڕاستەوخۆ پێوەندیشی پێوە گرتوون. لەناو ئەو مەسەلە هەنووکەییانەی دنیاشدا، شۆڕشی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا و مەسەلەی فەلەستین، دوو جەمسەری زۆر گرنگی ئەو بەرگریکردنە بوون. بۆ نموونە ژان ژینییە دەچێتە فەلەستین و بۆ ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ فیداییە فەلەستینییەکان دەژی. هەروەها هەر دوای چەند کاتژمێرێك بەسەر کارەساتەکەی ( سەبرا و شاتێلا ) دا دەچێتە ئەو قەسابخانەیە و بێزاریی خۆی دەردەبڕێ و سەرلەنوێ پشتگیریی خۆی بۆ خەباتی فەلەستییەکان دووپات دەکاتەوە.

**ڕۆمان یاخود بیۆگرافیا**

ژان ژینییه به ڕۆمان نووسین ڕەوتی ژیانی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی خۆی دەستپێدەکات. ڕۆمان دەبێتە داڵدەی تەنهایی و گوزارشتکردن لەژانی نێو بەندیخانەکان. بێگومان فۆرمی ڕۆمان، یان نووسینی ڕۆمان ئامراز و کەرەستەیەکی گونجاو و لەبار بووە بۆ ئەو دەسپێکە سەرەتایە و بۆ ئەو دامەزراندنە پتەوە.

ژان ژینییە شەش ڕۆمانی نووسیون، هەر شەشیان بەشێوەیەك لەشێوەکان بیۆگرافیای ژیانی خۆیەتی. ژیانی تایبەتی خۆی ڕاستەوخۆ لە ڕۆمانەکانیدا ڕەنگدەداتەوە و دەربڕی تاوانەکانی، مەسەلەکانی سزا و هێزی شەڕە. هەروەها ژیانی سێکسی تاوانکار، بە هەمووووردەکارییەکانییەوە، وەك وزەیەکی بەهێزی چارەنووسی کارەکتەرەکانی، هەروەك خۆی لەژیاندا دەبات بەڕێوە. ڕۆمانی Notre-Dame des fleurs لە ساڵی 1942 دا بڵاودەکرێتەوە، دوابەدوای ئەوە Miracle de larose لە 1946، Querelle de Brest لە 1947. لە ساڵی 1957 یشدا سەرلەنوێ ڕۆمانی ( دز و خۆشەویستیی ) بڵاودەکاتەوە. دز و

خۆشەویستیی زیاتر باسی منداڵێکی بێ دایك و باوکی ناو دەزگا خێرخوازییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. لە ساڵی 1947 دا ڕۆمانی Pompes funebres بڵاودەکاتەوە. لەم ڕۆمانەیدا باسی سێکس و پێوەندییە سێکسییە حەرامەکانی ڕەگەزی نێر دەکات. لە ساڵی 1949 دا ڕۆمانی Journal du voleur و لە ساڵی 1952 دا یادەوەرییەکانی دزێك بڵاودەکاتەوە. لەم دوو ڕۆمانەیدا سەرلەنوێ و زۆر بە ووردیی و بەبێ پەردە و هیچ بەربەستێك، لەسەر پێوەندییە سێکسییەکانی نێوان ڕەگەزی نێر دەنووسێ. لە ساڵی 1982 یشدا یەکێك لە ڕۆمانەکانی دەبێتە فیلمێکی سینەمایی. فیلمەکە لەسەر ئاستێکی گەورە بڵاودەکرێتەوە و چەندین پاداشتی گرنگیش بەدەست دەهێنێ. لە ساڵی 1986 دا و دوای مانگێك بەسەر کۆچی دوایی ژان ژینییەدا، دوا ڕۆمانیشی Uncaptif amoreux ( بەندێکی عاشق ) بڵاودەکرێتەوە. ئەم ڕۆمانەش باسی مەسەلەی فەلەستین و ژیانی پەنابەرە فەلەستینییەکان دەکات.

بەڵام ژان ژینییە لە ڕێی شانۆنامەکانییەوە  بوو نەك ڕۆمانەکانی، کە نێوبانگە نێونەتەوەییە گەورەکەی خۆی بەدەست هێنا.

## مەرگ و دوا وێستگەکانی ژیان

مەرگی ژان ژینییە مەرگی مرۆڤێکی گەورە و مرۆڤێکی ماندوو و مرۆڤێکی تووڕە و یاخییە. مەرگ وەك ژیان هاوکێشەی مەرگەساتی، یان تراژیدیای دوا چرکەساتەکانی ژان ژینییەیە. ئەم مرۆڤە ئازادە لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا و لە چاوپێکەوتنێکی خێرادا دەڵێت:( من چاوەڕوانی مەرگ دەکەم. ) ئەم نووسەرە مەزنە لە دوا چرکەساتەکانی تەمەنیدا زۆر نەخۆش و بێهێز بووە، ئازارە قووڵەکانی جەستەی، ڕۆژی داوەتە دەست شەو، شەویش بەبێداریی بەدیار جەستەیەکی بێهێزەوە چاوی بڕیوەتە تاریکییەکی ئەنگوستەچاو. لەگەڵ ئەوەشدا ژان ژینییە شەو و ڕۆژ لەدوا بەرهەمەکانیدا کاری کردووە، لە مەرگ پاڕاوەتەوە بواری بدات تا دوا دەسنووسەکانی تەواو بکات. ژان ژینییە دەیزانی ئەوەندەی نەماوە لە

ژیاندا، دەیزانی مەرگ هاوڕێیەکی نزیکە و ئەوەندەی نەماوە پێکەوە سەفەری تا هەتایی بکەن. لەبەرئەوە بیری دەکردەوە بفڕێت و جەستە و گیانی لە شوێنێکی تر و لە زەمەنێکی تردا بشارێتەوە، دەرەوەی سنوورەکانی ئەورووپا و خاکی فەڕەنساش تاکە ئەڵتەرناتیڤی ئەو بڕیارە سەخت و گرنگە بووە. ژان ژینییە نەیدەویست لاشەکەی لەولاتێکدا بنێژرێت کە ئەو لە هەموو ژیانیدا دژی یاسا و بنەما ئاکارییەکانی وەستاوە و بەرهەڵستی کردوون. ئەم مرۆڤە سەربەستە لە پانزەی مانگی چواری ساڵی 1986 دا و لە تەمەنی حەفتا و شەش ساڵیدا، تەنها یەك ڕۆژ دوای کۆچی دوایی ( سیمۆن دو بوڤوار ) بە نەخۆشی شێرپەنجەی قورگ دڵە گەورەکەی لەلێدان دەکەوێت. ژان ژینییە لەسەر داواکاری خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی فەڕەنسا و لە ولاتی مەغریب بەخاك سپێردراوە، بەلام لەبەرئەوەی موسوڵمان نەبووە، لاشەکەی دەبێتە گرفتێکی گەورە بۆ دامودەزگاکانی مەغریب، لەبەرەنجامدا لە گۆڕستانێکی کۆنی ئیسپانیدا لە مەغریب دەنێژرێت. بەلام ئەوەی جێگای ئاماژەیە

ئەوەیە کە گۆڕەکەی ژان ژینییە لەو گۆڕستانە کۆنەدا، بەڕێکەوت کەوتۆتە بەرامبەر بەندیخانەیەکی کۆنی ئیسپانی. ژان ژینییە ئەو مرۆڤەی تەمەنیکی زۆری ژیانی لە بەندیخانەکانی فەڕەنسادا بردە سەر، گۆڕەکەشی دەبێتە ناونیشان و دەروازەی بەندیخانەیکی کۆنی داگیرکەرە ئەوروپییەکان، چارەنووس دوا زەنگەکانی بەندیخانەیەکی تا هەتایی بۆ ژان ژینییە لەدەرەوەی وڵاتی فەڕەنساشەوە لێدەدات.

## شانۆ و سەرەتایەکی بەهێز

شانۆنامەکانی ژان ژینییە زەمینە و بنەمایەی بەهێزی ئەزموونگەریی، درامایەکی گرۆتێسك و توندوتیژ لەخۆدەگرێت. ڕووداوەکانی بە چەشنی شانۆیەکی ئەپسوردیزم و مۆدێرن، کەشێکی ڕیتواڵئامێزی ئەفسوونیی پێکدەهێنی. زمانەکەی هەروەك زمانی ڕۆمانەکانی تێکەڵێکی سەیرە لە زمانێکی بازاڕیی، میللیی، لیریکیی و شیعرێکی بەرز. بەرامبەر بەم زمانە تێکەڵاوە، ڕووداوەکان، ئەتمۆسسفێر و سترکتورێکی

توندوتیژ، لەهەمانکاتدا نەرم و نیان لەخۆدەگرێت. ژان ژینییە تەنها پێنج شانۆنامەی نووسیون: پاسەوانی مەرگ 1949، کارەکەرەکان 1954، بانیژە 1956، ڕەشپێستەکان 1960 و دوا شانۆنامەشی پەردەکان کە لە ساڵی 1961 دا نووسیویەتی. هیچ کام لە شانۆنامەکانی ژان ژینییە لەسەر شانۆ سەرکەوتوو نابێت گەر هاتوو لە قاڵبێکی واقیعییانە و تەقلیدیدا نەمایشبکرێت: شانۆی ناو شانۆ، گەمەی شانۆ، گەمەی نێوان گەمە و ڕیتواڵێکی تەلیسماویی سترکتوری شانۆنامەکانی پێکدەهێنێ. کارەکتەرەکان کەسایەتیی نین بە مانا تەقلیدییەکەی لە شانۆنامەکانی ژان ژینییەدا، بەڵکو ڕۆڵی کەسایەتییەکان دەگێڕن، بە بەرچاوی بینەرانەوە و لە گەمەیەکی ئاهەنگئامێزییدا دەچنە ڕۆڵەکانیانەوە، دێنە دەرەوە و ئاهەنگی شانۆ دەگێڕن. ئەم پرۆسەیەش چەمکێکی گرنگ و تەکنیکێکی باڵای ئەم شانۆیەیە و هەندێك جار لە برێخت نزیکدەبێتەوە.

( پاسەوانی مەرگ ) باسی چوار بەندی یەکێك لە بەندیخانەکانی فەڕەنسا دەکات. ئەم تاوانبارانە یەکێکیان لەسەر شانۆ نابینرێ، بەڵام بوونێکی بەهێزی هەیە. سێ کارەکتەرەکەی تر باسی دەکەن، سڵی لێدەکەنەوە، لێیدەترسن و هەر وەك خواوەند دەیپەرستن. ئەم بەندانە بۆ ئەوەی کات بەرنە سەر، گەمەی دەسەڵات، گەمەی پیاو کوشتن و گەمەی یەکتر هەڵخەڵەتاندن و ئازاردانی یەکتر دەکەن. خودی پیەسەکە وەك ڕیتواڵێکی نێو خەونەکان نووسراوە. واقیع لەسەر ئاستێکی جیاواز تێکەڵاوی خەون و ڕیتواڵێکی توندوتیژ دەکات. ژان ژینییە خۆی لە ساڵی 1949 دا ئەم شانۆنامەیەی بۆ یەکێك لە شانۆکانی فەڕەنسا پێشکەش کردووە. ژان ژینییە دوای پاسەوانی مەرگ شانۆنامەی ( کارەکەرەکان ) دەنووسێ. لەم شانۆنامەیەیدا پەردە لەڕووی بۆرژوازییەت و ڕیتواڵی گەمەیەکی دڵتەزێنی دەسەڵات هەڵدەماڵێ. مرۆڤ و دەسەڵات لە ڕوانگەی گەمەیەکی سادیی و ماسۆشییەوە کۆدەکاتەوە و بە ڕووتیی ڕووبەڕووی خودی خۆمانمان

دەکاتەوە. بەڵام لە شانۆنامەی بانیژەدا شوێن و تەکنیکێکی تر بەکاردەهێنێ: بانیژە لە کۆمەڵە دیمەنێکدا باسی تیاترۆخانە Bordell یێك دەکات. کارەکتەرەکان لە ڕوانگەی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی بەهێز و لە کەشێکی ڕیتواڵیی و خەونئامێزدا دەسووڕێنەوە. خاتوو ( ئیرما ) کارەکتەری سەرەکیی شانۆنامەکە، بینەران دەدوێنێ و دەیانکاتە میوانی تیاترۆخانەکەی. ئەو ژوورەی کە ڕووداوەکانی تێدا پێشکەش دەکرێت، لەبەرئەنجامدا لە خەیاڵێکی ئاڵۆز بەولاوە هیچ شتێکی تر نییە. کارەکتەرەکان بەهۆی فانتاسیایەکی ئاڕاستەکراوەوە گەمەی دەسەڵات دەکەن. ئەو دەسەڵاتەی کە لە بەرئەنجامی شۆڕشەکاندا بەتەواوەتیی لەدەستیان داوە. بۆ یەکەمجار شانۆنامەی بانیژە لە ساڵی 1957 دا لە لەندەن نمایش دەکرێت. نمایشەکە دەبێتە کارەساتێکی هونەریی، بەڵام دواتر پیتەر برۆك لە ساڵی 1960 دا لە پاریس نەمایشی دەکات، بێگومان نەمایشەکەی پیتەر بروك سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست

دەهێنێ و ژان ژینییەش وەك شانۆنامەنووسێكی گەورە ئاماژەی بۆ دەكرێت.

بەڵام شانۆنامەی ( ڕەشپێستەكان ) وەك ئاهەنگێكی شانۆیی، لە هەموو بەرهەمەكانی تری ژان ژینییە سەركەوتووترە و زوربەی ڕەخنەگرە شانۆییەكان بە ترۆپكی داهێنانی ئەم نووسەرە ئاماژەی بۆ دەكەن. ڕەشپێستەكان باسی گەمەی دادگایەك دەكات. ئەكتەری ڕەشپێست لەسەر شانۆ نەمایش بۆ كۆمەڵێك بینەری ڕەشپێستی تر دەكات، وەك گەمەیەكی شانۆی ناو شانۆ، بەڵام بینەرە ڕەشپێستەكان بە دەمامكی سپییەوە دادەنیشن. بینەران گۆڕانكارییان بەسەردا دێت و دەبنە ئەكتەر، بەتایبەتییش كە دەبنە شاهیدی كوشتنی ئافرەتێكی سپیی و بە شێوازێكی ڕیتواڵیی، بەدەستی پیاوێكی ڕەش. ڕەشپێستەكان دەیانەوێت بەهۆی ئەم نەمایشەوە بینەرە سپی پێستە ڕاستەقینەكان چەواشە بكەن لەڕاستیی ئەو شۆڕشە ڕاستەقینەیەی كە لە دەرەوەی شانۆكەدا ڕوودەدات.

ژان ژینییە گەرەکیەتی لێرەدا و لە ڕوانگەی ئاهەنگێکی شانۆییەوە ئەوە پیشان بدات کە بینەری ڕاستەقینە دەبێتە تەماشاکەر و ئەکتەر، ئەوەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە: ئەو سپیپێستانەی ئەوان دەیانبینن تەنها نمونەیەکی ئەو سپیپێستانەن کە ڕەشەکان دەیانبینن. ئەو ڕەشپێستانەشی کە ئەوان دەیانبینن لە نموونەیەکی ئەو ڕەشپێستانە زیاتر نین کە سپیپێستەکان دەیانبینن.

ژان ژینییە دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە شانۆنامەی ڕەشپێستەکان دەبێت بۆ بینەرانی سپیپێست نەمایشبکرێت، لە حاڵەتێکدا گەر بینەران خەڵکی ڕەشپێست بوون، ئەوە دەبێت لەکاتی هاتنە ژوورەوەیاندا دەمامکی سپییان بەسەردا دابەشبکرێت.

ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1960 دا و لە ڕیژیی ڕۆجیە بلان لە پاریس پێشکەش دەکرێت. هەروەها لە ساڵی 1961 یشدا و بە زمانی ئینگلیزی لەسەر شانۆی ڕۆیاڵ کۆرت لە لەندەن پێشکەش دەکرێت.

( پەردەکان ) یش تەقەلایەکی زۆر گەورەی شانۆیی ژان ژینییەیە. ژان ژینییە لەم شانۆنامە زۆر بەربڵاوەدا و لە ڕوانگەی حەفتا دیمەنەوە باسی داگیرکردنی وڵاتی جەزائیر دەکات. بەکورتی دەتوانین بڵێین کە پەردەکان چارەسەرێکی درامیی، یان خستنە ڕوویەکی ڕاستەوخۆی درامیی ژیانی پڕ لە ئازاری خەڵکی جەزائیرە لەژێر دەستی سوپا و هێزی سەربازیی فەڕەنسادا.

ناونیشانی شانۆنامەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەچەند دیمەنێکی ئێجگار زۆر پێکهاتووە. هەندێجار ئەکتەرەکان لەبەرچاوی بینەران دیمەنەکان ئامادە دەکەن. پانتایی شانۆکە بەسەر چەند ئاستێکی جیاوازدا دابەش دەکەن و بەبێ دەنگ دەجووڵێنەوە. ژان ژینییە زۆر بە ووردیی ڕۆڵی کارەکتەر و کەسایەتییەکانی هەڵبژاردوون و هەر ئەکتەرێکیش لەبری ڕۆڵێك چەندین ڕۆڵی جیاواز دەبینن. بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕۆڵانەش، دەمامك و ئارایشتێکی زۆر چڕ و تۆخ بەکاردێنن. هەروەها ئەکتەرەکان و لەبری مۆسیقا، هەموو جۆرە

دەنگەکان، دەنگی ئاژەڵ، تەقینەوە، بروسکە و باو بۆران بەکاردەهێنن. شانۆنامەکە نزیکەی سەد کارەکتەر لەخۆدەگرێت، ئەمەش یەکێکە لەو شانۆنامانەی لە مێژووی شانۆی جیهانیدا هێندە کارەکتەر و کەسایەتیی زۆر لەخۆبگرێت.

ئەم شانۆنامەیە لەبەر ئەوەی هێرشێکی توندوتیژی دەسەڵاتی سەربازی و کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسایە، بەهیچ شێوەیەك ڕێگای پێنادرێت کە لە پاریس، یان شارەکانی تری فەڕەنسا نەمایش بکرێت.

پەردەکان لە سەرەتادا لە بەرلینی خۆرئاوا و لە ساڵی 1961 دا نەمایش دەکرێت، بۆ یەکەمجاریش لە فەڕەنسا لە ساڵی 1966 دا نەمایش دەکرێت.

## ئارتۆ و ژان ژینییە

ئارتۆ دەروازەیەکی نوێی بەڕووی شانۆی ئەورووپیدا کردۆتەوە، دید و بۆچوونەکانی کاریگەرییەکی قووڵی لە جەستەی شانۆ سیکۆلۆژیی و باوەکانی ڕۆژئاوادا جێهێشتووە. هەرچەندە ئارتۆ خۆی نەیتوانیوە

بۆچوونەکانی خۆی لەبواری شانۆ و پراکتیکدا بەرجەستە بکات، بەڵام ئەو بۆچوونانە بوونە سەرچاوەیەکی گەورەی سوود لێوەرگرتن و نوێبوونەوەی شانۆ، شانۆ وەك پیەسی شانۆیی و شانۆ وەك تەکنیك و شانۆ وەك دیدی ریژی. شانۆی ئەوروپی بەتایبەتی لە شەستەکاندا، لەژێر کاریگەرییەکانی ئەنتۆنین ئارتۆدا سەرلەنوێ بنیاتدەنرێتەوە. لەسەر ئاستێکی گەورە و بەربڵاو هەموو گروپە شانۆییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەری تیۆرە شانۆییەکانی ئارتۆ و برێشتەوە.

لە شەستەکاندا پیتەر بروك لابورێکی یەك ساڵیی دەکاتەوە بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی تیۆرە توندوتیژەکەی شانۆی ئەنتۆنین ئارتۆ. پیتەر بروك لە کتێبەکەشیدا ( پانتایی بۆش ) ڕووبەرێکی فراوان بۆ ئارتۆ تەرخان دەکات و زۆر بە ووردیی باسی بەها و گرنگیی میتۆدەکانی دەکات. جگە لە پیتەر بروك، گرۆتۆفسکی و زوربەی ریژیسۆرە گەورەکانی تری

شانۆی هاوچەرخی جیهانیی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ سوودیان لە ئارتۆ وەرگرتووە.

زۆر لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە شانۆییەکانیش ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ژان ژینییە کوڕێکی شەرعی و بەردەوامییەکی بەهێزی ئارتۆ و شانۆی توندوتیژە. بۆ نموونە بۆچوونەکانی ئارتۆ سەبارەت بە گونجاندن و بەرجەستەکردنی خەون لەسەر شانۆ بەشێوە ڕاستەوخۆ و بەهێزەکەی وەك وێنەیەکی ژیان، لە شانۆنامەکانی ژان ژینییەدا خۆی دەبینێتەوە. ژان ژینییە هەر وەك ئارتۆ، جیهانی ڕاستیی دەبەستێتەوە بە جیهانی خەیاڵ و ئەندێشەوە، لەهەمانکاتدا واقیع دەشارێتەوە و سەرلەنوێ لە بەرگێکی تردا، لە خەونەکانماندا دەیدۆزێتەوە. ژان ژینییە شانۆیەکی سیمیائی، سەرەتایی و قووتار بوو دەخوڵقێنێ، زوربەی دید و بۆچوونەکانی ئارتۆ لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. شانۆیەکی ڕۆژهەلاتیی، میتافیزیکیی، وەك هاوکێشەیەکی هاوچەرخی ناو نهێنی دیانەتە کۆنەکان دەستەبەر دەکات.

شانۆنامەکانی ژان ژینییە زەمینەیەکی لەباری پراکتیزەکردنی خەونەکانی ئارتۆیە: شێوازی خەونە سەربەستەکان دەبەخشێتە شانۆنامەکانی و بنەمایەکی ئاشکرای ڕیتواڵییان پێدەبەخشێت.

ژان ژینییە بە بەرز ڕاگرتنی تاوان، دڕندەیی و شەهوانییەت، دەیەوێت هەموو هەستە توندوتیژەکانی دەروونی خۆی و بینەرانیش پاکبکاتەوە.

هەرچەندە ژان ژینییە زۆر نزیکە لە ئارتۆوە، بەڵام هەندێ لە ڕەخنەگرە شانۆیی و لێکۆڵەرەوەکانی بواری زانستی شانۆ دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە ژان ژینییە زیاتر نزیکە لە بیراندیللۆی ئیتالییەوە وەك لە ئارتۆی فەڕەنسی، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی کە ژان ژینییە فۆرم و شێوازێکی گەمەئامێزی شانۆیی بەکاردەهێنێ، نزیکە لە چەمکەکانی شانۆی بیراندیللۆوە. بێگومان ئەم بۆچوونانەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر شانۆکارە گەورەکانی جیهانەوە هەبووە، بۆ نموونە پیتەر بروك وەك لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ کردووە، لە ساڵی 1960 دا مەشقی ڕاگوزارییەکی فراوان

بەکاردەهێنێ، وەك بەشێك لە تەکنیکی پرۆڤەکانی شانۆنامەی ( بانیژە ) لە پاریس. هەروەها پیتەر بروك لە ساڵی 1964 دا دەگەڕێتەوە سەر ژان ژینییە و دوانزە دیمەنی شانۆنامەی ( پەردەکان ) بەکاردەهێنێ بۆ پراکتیزە کردنی ئەزموونەکانی شانۆی توندوتیژ. جگە لە پیتەر بروك زۆر ڕیژیسۆر و شانۆ گەورەکانی تری جیهان پەنایان بردووە بۆ شانۆنامەکانی ژان ژینییە، هەر بۆ نموونە ژۆلیان بێك و شانۆی زیندووی ئەمەریکی. ژۆلیان بێك شانۆنامەی کارەکەرەکان بەکاردەهێنێ، وەك گەڕانێك بەدوای میتۆد و شێوازێکی تایبەتی شانۆی توندوتیژدا.

## گەڕانەوە بۆ ڕیتواڵەکان

ریت یان ڕیتواڵ جۆرە ئاهەنگێکی تەرتیلە ئاسای پیرۆزە، گوزارشتێکی ڕێکوپێکی داب و نەریتی ئاینیی و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییە. ئەم ڕیتواڵە ئاینییانەش ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە زۆر کۆنەکان و تا ئێستایش لەنێو هۆز و قەبیلە سەرەتاییە دوورە

دەستەکانی ئەفەریقا، هیندە سوورەکان، هۆزەکانی مەکسیك و ئەمازۆنەکان، دورگەکانی بالی لە ئیندونووسیا و زۆر شوێنی تر پەیڕەوی دەکرێت. لە پەنجا و شەستەکانی هەزارەی ڕابردووشدا زۆر گروپی نوێخوازی شانۆیی سوودیان لەو ڕیتواڵە کۆنانە وەرگرتووە و لە نەمایشەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. گروپە ئەزموونکارەکان، ڕیژیسۆرە بە ئەزمووونەکان و بەشێکی زۆری تەوژمی شانۆی هاوچەرخی جیهانی دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی ئەو ڕیتواڵە سەرەتاییانە. ئەم ڕیتوالانە لە سەرەتادا زیاتر وەك تەکنیك و دیدی ڕیژیسۆرەکان لە نەمایشەکاندا بەکاردەهێنران، دواتر شانۆنامەنووسەکانیش وەك ئامرازێکی نوێ و چارەسەرکردنێکی جیاواز جۆرە ڕیتواڵ و تەکنیکێکی تر و ناتەبایان بەکارهێناوە. ئەکتەر لە دراما و شانۆنامە ڕیتواڵییەکاندا، لە ناوەند و چەقی ڕووداوەکاندایە، ئەکتەر دەبێتە گرنگترین ئامرازەکانی نەمایشەکە، تەنانەت دەکرێت بڵێین کە ناوەڕۆکیش دەچێتە پەراوێزی کاریگەریی و بوون و ئامادەگیی بەهێزی

ئەکتەرەوە. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ فۆرم و شێوازی ڕیتواڵە شانۆییەکە، هەر ئەو ڕیتواڵە شانۆییەشە کە ئەتمۆسفێرێکی جیاوازی ئاهەنگئامێز بۆ بینەرانیش دەڕەخسێنێ تا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەخودی نەمایشەکەوە هەبێت.

لەڕێگای گەڕانەوە و بەکارهێنانی ڕیتواڵەوە هەموو هێماکانی ناو شانۆنامەکە دەچێتە سەرەوەی ڕواڵەتە سروشتییەکان و مانا مەجازییەکانی ڕووداوەکانی سەر شانۆکەش زۆر زوو ئاشکرا دەبن. بەمەش ڕوبەڕووبونەوەیەکی ڕاستەوخۆی تەختەی شانۆ یان پانتایی نەمایشەکە بە بینەرانەوە سەقامگیر دەبێت. بەم شێوەیەش سەرلەنوێ ڕووداوەکان لەسەر شانۆ، بەشێوەیەکی تر جۆرە نهێنییەکی شاراوە لەخۆدەگرێت. ئەو ڕووداوانە و لەو فۆرمە شاراوەیەدا، ڕێسایەکی واقیعی جیاوازتر دەستەبەر دەکات، بێگومان ئەمەش تەنها لە ڕوانگەی خودی بەشداریکردنی ڕیتواڵەکەوە، وەك یەکەیەکی هونەریی، بەرجەستە دەبێت. هەر لەم دەروازەیەشەوە، چەمکی ڕیتواڵ لە شێواز و دیدی

شانۆنامەکانی ژان ژینییەدا مەودایەکی فراوانی فەلسەفیی، ئاکاریی و هونەریی لەخۆدەگرێت. ژان ژینییە ڕیتواڵەکانی لە بنەما قووڵ و دێرینە کولتووریی و ئاینییەکانەوە ناهێنێ، بەڵکو ئەو خۆی جۆرە ڕیتواڵێکی تایبەتمەند، شانۆیەکی ئاهەنگئامێزی مەودا فراوان دروستدەکات، ئاهەنگ و ڕیتواڵەکانی ژان ژینییە لە دەروازەی هێرشکردنە سەر بنەما باوە کۆمەڵایەتییەکان، ئاکار و سیاسەتی کۆمەڵگای نوێ سەرچاوەی گرتووە. شێواز و بنەماکانی ڕیتواڵ لای ژان ژینییە لەسەر بە نزم سەیرکردن و ڕقێکی ئەستوور، دژی کۆمەڵگای مۆدێرنی فەڕەنسی و ئەورووپییەوە بنیاتنراوە. ئەم نووسەرە لەنێوەندی دراما ڕیتواڵییەکانەوە، جۆرە شانۆیەکی پڕ لە گۆڕانکاریشی خوڵقاندووە، گۆڕانکاریی لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر، هیچ شتێك وەکو خۆی نییە، هەموو شتێك وەك گەمە، ئاهەنگ و ڕیتواڵێکی بەهێز، بە پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی بەردەوامدا تێدەپەڕێت.

شانۆنامەی کارەکەرەکان چیرۆکێکی دژواری دوو خوشکمان بۆ دەگێڕێتەوە: سۆلانژ و کلێر. لەم چیرۆکەدا ڕق و خۆشەویستیی لەیەك کاتدا بەرامبەر بە خاوەن ماڵەکە و بەرامبەر بە خۆشیان دەردەکەوێت. ئەم دوو خوشکە هەوڵی ئەوە دەدەن لە ڕوانگەی گەمەیەکی شانۆییەوە ئارەزووە کپ کراوەکانیان دەربڕن. لەم گەمەیەدا بە بەردەوامیی ڕۆڵی خانمی خاوەن ماڵەکە دەگێڕن. تێکستەکە بە زمانێکی تیژ و ڕاستەوخۆ، هەست و سۆزێکی هەڵچوو و بەرجەستەکردنی خۆشەویستیی / ڕق، کێشەکانی دەسەڵات ڕوون دەکەنەوە. ئەم دوو خوشکە لەیەك کاتدا خانمی ماڵەکەیان خۆش دەوێت، ڕقییان لێیە، دەیپەرستن و لەهەمانکاتدا دەیانەوێت بیکوژن. بێگومان مەسەلە چینایەتییەکانیش لەپاڵ پرسە خودییەکاندا، خاڵێکی گرنگی پیەسەکەن. کارەکەرەکان بەشێوەیەکی زۆر تۆقێنەر ڕق و شەڕ تێکەڵاو دەکەن، هەموو شتێك لەدووتوێی گەمەیەکی ترسناکدا ڕوو دەدات.

کلێر: ئێوە هەست بە هاتنی ئەو ساتەوەختە دەکەن کە ئیتر کارەکەر نین. بیر لە تۆڵە دەکەنەوە؟ خۆتان ئامادە دەکەن؟ نینۆکەکانتان تیژ دەکەنەوە؟ کینە وەئاگاتان دێنێتەوە؟ کلێر ... بیر خۆتانی مەبەنەوە ... کلێر گوێتان لێمە؟ بەڵام کلێر ئێوە گوێم لێناگرن!

ژان ژینییە بۆ یەکەمجار تەکنیکە جیاواز و شانۆ ڕیتواڵییەکەی لە شانۆنامەی کارەکەرەکاندا دەردەکەوێت. ئەو فۆرم و تەکنیکەش دادەنرێت بە سەرەتایەکی چاوەڕواننەکراوی پڕ لە سەرنج و تێڕوانین. ژان ژینییە هەر لە سەرەتاوە جەماوەر لە شانۆنامەی کارەکەرەکاندا چەواشە دەکات و بەهۆی شێوازە هونەرییەکەیەوە فێڵیان لێدەکات. بینەران لەو بڕوایەدان کە سەیری خانمێکی بەڕێزی سەر بەچینێکی بەرزی سەردەمی لویی پازدەیەم دەکەن. ئەم خانمە سووکایەتیی بە کارەکەرەکەی ( کلێر ) دەکات، لەکاتێکدا کە ئەو کارەکەرە بەدبەختە یارمەتی خانم ئەدات تا جلوبەرگەکانی لەبەر بکات. بەڵام دوای تاوێك و

دەنگێکی ئاگادارکردنەوە، بینەران لەوە حاڵیی دەبن کە ئەو خانمە لە ڕاستیدا تەنها کلێری کارەکەرە و ڕۆڵی خانمەکە لەگەڵ کارەکەرێکی تردا ( سۆلانژ ) کە خوشکییەتی، دەبینێ.

سۆلانژ: ( وا پێدەچێت کە کلێر بخنکێنێ، لەم کاتەدا کاتژمێرە زەنگدارەکە ڤەنگ لێدەدات، سۆلانژ دەوەستێ، هەردوو ئەکتەرەکە پێکەوە دەلکێن و واقوڕماو گوێ لە زەنگی کاتژمێرەکە ڕادەدێرن ) چ زوو؟
کلێر: با پەلە بکەین، ئێستا خانم دێتەوە! ( دەست بە داکەندنی جلەکان دەکا ) وەرن یارمەتیم بدەن، کات بەم خێراییە تێدەپەڕێ و ئێوەیش هەر تەواو نەبوون!

ئەم دوو کارەکەرە هەموو شەوێك ئەم ڕیتواڵە پڕ لە ڕقە دەگێڕن و بەنۆرە ڕۆڵی خانمەکەشیان دەبینن. بەم شێوەیە ئەم دەستە خوشکە ڕۆڵی خانم و کارەکەرەکەی، کارەکەر و خانمەکەی دەبینن، ڕۆڵەکانیشیان لە ڕوانگەی گەمەیەکی شانۆییەوە دەگۆڕنەوە. ئەوەی گرنگە لەم

گەمەیەدا ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە ئەم دوو خوشکە، لە بنەمای گەمەی گۆڕینەوەی ڕۆڵەکانیانەوە، گوزارشتیان لەیەکتری کردووە، گوزارشتیان لەقێزی خۆیان لە یەکتری، لەخودی خۆیان و لە خانمەکەیان کردۆتەوە.

ژان ژینییە کارەکتەرەکانی بەندی پێناسەیەکی تایبەتمەند کردووە، بەندی ڕەنگدانەوەی وێنە تەڵخەکانی ناو ئاوێنەکانن. لەڕێگای ئەم ئاوێنە تەڵخانەشەوەیە کە کلێر و سۆلانژیش دەبنە کۆمەڵێك خەونی کۆمیدی دیاری نەکراو، سەرپێچیی لەو بەند، یاسا و بەربەستانە دەکەن کە خۆیان ملکەچن بۆی. هەر لەبەر ئەوەشە کلێر ڕقی لە سۆلانژی خوشکی دەبێتەوە، چونکە سۆلانژ سەد دەر سەد وێنەی کۆیلایەتیی خۆیەتی. ( ئەوان هەردووکیان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە بێزارن لە بینینی ئەندێشەی خۆیان کە لەسەر ئاوێنەکان ڕەنگ دەداتەوە. ) بەهەمان شێوە و لەبەر هەمان هەڵوێستە و هۆکارە دەروونییەکان سۆلانژیش ڕقی لە کلێر دەبێتەوە.

کلێر: خۆشەویستیی بێمانایە ... بەڵام ئیتر من وەڕس بووم لەم ئاوێنە ترسناکەی کە وێنەکەم وەك بۆنێکی گەنیو بەرەو ڕووم دەنێرێ، ئێوە ئەو بۆنە گەنیوەی منن ... ئۆه! زۆر چاکە ... من ئامادەم، من تاجەکەی خۆمم دەبێ و دەتوانم لە ژوورەکانا پیاسە بکەم ..

ئەم قین و ریتواڵە توندتیژە شانۆییەکەشیان بەرەو گەمەیەکی خوێناویی دەبات و لەبەرئەنجامدا کلێر لەبری خانمەکەیان دەبێتە قوربانیی و قەنداخە ژەهراوییەکە هەڵدەقوڕێنێ.

کلێر: نکوڵیی لێمەکەن، بینیمن ... ( بێدەنگییەکی درێژ ) ... و ترسام، سۆلانژ ... ترسام. کاتێ تەمسیل دەکەین من دەست بە گەردنمەوە دەگرم، چونکە ئێوە بە هەوای خانم نیشانەم لێدەگرنەوە، چونکە هەستدەکەم گیانم لە مەترسیدایە ...

لەم نەمایشەدا ڕیتواڵ ڕۆڵی کاریگەری خۆی بینیوە، فێڵە شانۆییەکانیش لەنێو خودی گەمە شانۆییەکەدا، چارەنووسێکی بابەتییانەی شۆڕشی چینایەتییە. هەر بەهۆی ئەم فێڵە شانۆییەشەوە، توانیویەتی بنەما واقیعییەکان لە پانتاییەکی جیاوازتری ڕیتواڵیدا بەرجەستە بکات، بەم شێوەیەش ڕق و قینی کارەکتەرەکان و بینەرانیش سەبارەت بە خانمەکە دەردەبڕێ.

ژان ژینییە لە سەرەتادا دەیویست دوو ئەکتەری پیاو ئەم ڕۆڵانە ببینن، تا ڕیتواڵی نەمایشەکە مەودا و پانتاییەکی قووڵتر لەخۆبگرێت، بەڵام ڕیژیسۆر و شانۆکاران زیاتر ڕۆڵەکانیان بەخشیوە بە ئەکتەری ژن. لە ساڵی 1967 دا ئەو هیوایەی ژان ژینییە دێتە دی، گروپێکی فەڕەنسی کارەکەرەکان بە دوو ئەکتەری پیاو، کە جلوبەرگی ئافرەتیان پۆشیوە، پێشکەش دەکەن، هەروەها ڕۆڵی خانمەکەش دەبەخشنە پیاوێکی قژ درێژی قۆڵ و باڵ ئەستوور. نەمایشەکە سەرکەوتنێکی

گەورە بەدەستدەهێنێ و لە زوربەی وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوادا پێشکەش دەکرێت.

شانۆنامەی کارەکەرەکان لە ساڵەکانی پەنجاکانەوە و تا ئێستاش بۆتە جێگای سەرنج و گرنگی پێدانی زوربەی شانۆ ئەزموونگەر و پێشرەوەکانی ئەوروپا و دونیا.

ستۆکهۆڵم

2006 / 5 / 8

**ژان ژینییه** **Jean Genet**

# کارەکەرەکان

Les Bonnes

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە**

**دلاوەر قەرەداغی**

**بەراوردکردنی لەگەڵ دەقە فەڕەنسییەکەدا**

**د. ئەحمەدی مەلا**

## کارەکتەرەکان

* کلێر
* سۆلانژ
* خانم

دیمەن: ژووری خانم. کەلوپەلی زەمانی لویی پازدەیەم، دانتێل، پەنجەرەیەك ڕووبەڕووی ئاپارتمانی بەرامبەر کراوەتەوە. لەلای ڕاستەوە تەختی نووستن، لەلای چەپەوە دەرگایەك و کۆمەدییەك. گوڵی زۆر، کات شەوە.

کلێر : ( وەستاوە و پشتی لەمێزی ئارایشتە. باسکی خستۆتە سەر باسك و دەنگی نائومێدانە و خەمینە ) دیسانەوە ئەم دەستکێشە! ئەم دەستکێشە ئەبەدییە! چەندجارم پێگوتن کە لە ژووری موبەق داینێن. بێگومان ئومێدەوارن کابرای شیرفرۆشی پێ فریو بدەن. نا ... نا ... درۆ مەکەن ... بێ سوودە! لەسەر دەستشۆرەکە هەڵیواسن. کەی تێدەگەن کە نابێ ئەم ژوورە گلاو ببێ، هەموو شتێ ... هەموو شتێ، هەموو شتێکی ژووری موبەق گلاوە، بڕۆن و پیسوپۆخڵییەکەتان لەگەڵ خۆتانا بەرن! دە ئاخر بەسە! ( لەتەواوی ئەم ماوەیەدا سۆلانژ بەدەسکێشە لاستیکییەکەی خەریکی گەمە کردنە، دەیکاتە دەستی

و دایدەکەنێ و تەماشای دەکا) نیگەران مەبن، بڕۆن و خەریکی ئیشوکاری خۆتان بن. هەرگیز پەلە مەکەن، کاتمان زۆرە ... دەی بڕۆن .. ( یارییەکەی سۆلانژ دەگۆڕدرێ، دەسکێشەکە بەسەرپەنجەکانی دەگرێ و بە فیزەوە دەچێتە دەرێ. کلێر بەرامبەر مێزی ئارایشت دادەنیشێ. بۆنی گوڵەکان دەکا، نەوازشی کەرەستەکانی ئارایشتکردن دەکا، پرچی شانە دەکا، دەستێ بەدەموچاویدا دێنێ ) شتەکانم بۆ بێنن .. خێرا ... کات کەمە ... لێرە نین؟ ( ئاوڕدەداتەوە ) کلێر! کلێرا ( سۆلانژ دێتە ژوورەوە )

سۆلانژ: بمبوورن خانم، قەنداخەکەی ... ( قەنداخ بە قنداخ گۆدەکا ) خانمم ئامادە دەکرد.

کلێر: کەرەستەی ئارایشتکردنم بۆ بێنن. کراسە سپییە پوولەکەدارەکەش، باوەشێن، زومرود ...

سۆلانژ: بەسەرچاو خانم ... هەموو زێڕوزیوەکانتان؟

کلێر: هەمووی دەربێنن ... دەمەوێ لێیان هەڵبژێرم.

( بە نیفاقەوە ) پێڵاویش، بێگومان کارەباییەکە ...

ئەوەی کە ساڵانێکە چاوتان تێی بریوە ..( سۆلانژ

چەند سندوقێك لە گەنجینەکە دەردێنێ، دەیانکاتەوە و لەسەر تەختی نووستنەکە دایاندەنێ ) دیارە بۆ بووکێنییەکەتتان دەوێ! ددان بەوەدا بنێن کە ئیغوای کردوون، کە زگی .... پڕکردوون ...( سۆلانژ بۆ سەر فەرشەکە دادەنەوێتەوە، تف لەپێڵاوەکان دەکا تاکو بریقەیان لێبێنێ ) کلێر پێم گوتن تف مەکەن، دەك ئەو تفانە بتانخنکێنێت ... کیژۆڵە گیان، دەك داڕزێن ... ها ... ها ( پێکەنینێکی توورە ) دەك گێژوویژێك لەناویدا نوقووم بێ. ها ... ها .. ئێوە زۆر ناشیرینن جوانکیلەکەم .. تۆزێك زیاتر بچەمێنەوە و خۆتان لەبریقەی پێڵاوەکانمدا تەماشاکەن ... ( قاچی درێژکردووە و سۆلانژ تەماشای دەکا ) مەزەندە دەکەن بەلامەوە زۆر ئاسایی بێت کاتێ بزانم کە پێڵاوەکانم لە ئاوی دەمتان، بەهاڵاوی بۆگەنتان داپۆشرابێ؟

سۆلانژ: ( لەسەرچۆك و سەرشۆڕ ) حەزدەکەم خانم جوان بنوێنن ....

كليْر:( خۆی له ئاویْنەکەدا ڕیْکدەخات ) ئیْوه ڕقتان لیْمه؟ ئیْوه بەخزمەتی باش و ساكاریی و گوڵ و سەردەستی كردنتان تیْكمدەشكیْنن ... ( هەڵدەسیْ و بەدەنگیْكی هیْواش تر ) بیْهووده هەموو جیْیەك پڕ لەم گوڵانە دەكەن! ئەم گوڵانە زیادەن! كوشندەن ... ( دیسان لەئاویْنەکەوه تەماشای خۆی دەكات ) من بەڕادەیەك جوانم كه ئیْوه هەرگیز ناتوانن وابن. چونكه بەو سەروفەساڵەوه ناتوانن "ماریۆ" ئیغرا بكەن، ئەم شیرفرۆشه هەزەلییه خۆشیی به ئیْوه نایەت. گەر منداڵتان لیْی بوو ...

سۆلانژ: ئۆه ... هەرگیز .... من ....

كليْر: بیْدەنگبن گەلۆرا! جلەكانم!

سۆلانژ: ( چەند كراسیْك له گەنجینەکه دەردیْنیْ )

كراسی سوور ... خانم كراسی سوور دەپۆشن ...

كليْر: گوتم سپی ... سپی پووڵەكەدار ...

سۆلانژ: ( گرژ ) بەداخەوەم، ئیمشەو خانم مەخمەڵه ڕەنگ وەنەوشەییەكه دەپۆشن ...

كليْر: ( به ساویلكەیی ) ئاه ... بۆچی؟

سۆلانژ: ( سارد ) چۆن دەبێ بیر لە مەمکەکانی خانم نەکەمەوە لەژێر جلکە مەخمەلییەکەیدا کاتێ کە هەناسە هەڵدەکێشن و لەبارەی خزمەتگوزارییەکانی ئێمەوە بۆ جەناب دەدوێن ... کراسی ڕەش بۆ بێوەژنیتان گونجاوترە ...

کلێر: چۆن؟

سۆلانژ: پێویستە ئاشکراتر بدوێم؟

کلێر: ئا ... دەتانەوێ بدوێن ... زۆر چاکە، هەڕەشەم لێبکەن، سوکایەتی بەخانمەکەتان بکەن. سۆلانژ ئێوە دەتانەوێ لەبارەی بەدبەختی جەنابەوە بدوێن ... گەلۆر ئێستا کاتی باسکردنی ئەوە نییە، بەڵام من باش سوود لەو سەرنجە وەردەگرم ... پێدەکەنن؟ گومانتان هەیە؟

سۆلانژ: ئێستا کاتی هەڵدانەوەی گۆڕ نییە!

کلێر: چ ڕیسواییەکە؟ چ ڕیسواییەك!هەڵدانەوەی گۆڕ! چ وشەیەکە!

سۆلانژ: خانم!

کلێر: له مەبەستتان تێدەگەم. من هەر لەسەرەتاوە گوێم لەورتەورتی تاوانبارکردنەکانتان بوو! کلێر ئێوە هەر لەسەرەتاوە جنێوتان پێدام و ئێستایش چاوەڕێی هەلێکن تاکو تفێك لەڕوخسارم بکەن.

سۆلانژ: ( بەبەزەییەوە ) خانم ... خانم ... هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەوێ، گەر جەناب ...

کلێر: بڵێ! بڵێ لەسای سەری منەوەیەوە کە جەناب لەزینداندایە! ئێوە بێ پەردە دەدوێن ... کەواتە بدوێن. من ئەو کارەم بەنهێنی کرد، خۆم بەگوڵ شاردبۆوە ... ئێوە ناتوانن هیچ کارێك دژی من بکەن ...

سۆلانژ: ئێوە هەر وشەیەکتان گوێ لێدەبێ بەهەڕەشەی تێدەگەن! پێویستە خانم بزانن کە من کارەکەرم ...

کلێر: کەواتە لەبەر خاتری ئەوەیە کە من خیانەتم له جەناب کردووە بۆیە بوومەتە جێگە لوتفی ئێوە؟ بەڵام من لەوە خراپترم کرد. باشم کرد! وادەزانن ئازارم پێوە نەکێشا؟ کلێر ... من دەستم ناچارکرد

... تێدەگەن ... ناچارم کرد، ئارام و توندوتۆڵ، بێ هەڵە و بەخەتێکی خۆش نامەیەك بنووسێت بۆ ئەوەی بەهۆیەوە دۆستەکەم ڕەوانەی زیندان بکرێ. ئێوەیش لەجیاتی ئازایەتی پێدان، گرنگیم پێنادەن و لەبارەی بێوەژنییەوە دەدوێن! جەناب نەمردووە ... کلێر، لەوانەیە زیندان بەزیندان تا " گویانا " ی بەرن، بەڵام دوڵبەرەکەی هاوڕێیی دەکات، دوای دەکەوم و هاوبەشی شانازییەکانی دەبم. کلێر ئێوە لەبارەی بێوەژنییەوە دەدوێن. بەڵام نازانن کە جلکی سپی، جلکی بووکێنی شازادەکانە. ئێوە جلکی سپییم پێ ڕەوا نابینن!

سۆلانژ: ( سارد ) خانم جلکی ڕەش دەپۆشن.

کلێر: ( ساکار ) زۆر باشە ... ( بەتوندی ) جلەکان بێننەوە ... ئۆه ... من زۆر تەنیا و بێکەسم، لەچاوانتانا دەیخوێنمەوە کە ڕقتان لێمە ...

سۆلانژ: من خۆشم دەوێن خانم.

کلێر: هەڵبەت هەر بەو جۆرەی کە دەبێ خانمێك خۆش بویسترێ، ئێوە خۆشتان دەوێم و ڕێزم دەگرن

چونکە لە وەسێتنامەکەدا چاوەڕێی پاداشتێکم لێدەکەن.

سۆلانژ: من هەر کاریێ دەکەم ...

کلێر: ( بەگاڵتەجاڕییەوە ) دەزانم کە فرێم دەدەنە ناو ئاگرەکەوە ... ( سۆلانژ یارمەتی کلێر لە پۆشینی جلەکان دەدا ) دوگمەکەی داخەن، توند ڕایمەکێشن، هەوڵ مەدەن شەتەکم بدەن ... ( سۆلانژ دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و چرچولۆچی جلکەکە ڕێکدەخات ) پێمەوە مەنووسێن، بڕۆنە ئەولاوە، بۆنی ئاژەڵتان لێدیێ، شەوانە لەکام ژێرزەمیندا نۆکەرەکان تێتانەوە دەئاڵێن تاکو ئەم بۆنە لەگەڵ خۆتاندا بێنن؟ ژێرزەمین! ژووری کارەکەرەکان! ژووری ژێرزەمینەکە! کلێر ... دەتوانم مەزەندەی بۆنی ژێرزەمینەکە بکەم، لەوێدا ( سوچێکی پیشاندەدا ) لەوێدا دوو سیسەمی ئاسن، مێزێك لەناوەڕاستدا، کۆمەدییەك لەدارکاج و میحرابێکی بچکۆلەی پاکیزەی پیرۆز ... ڕاستە یان نا؟

سۆلانژ: ئێمە بەدبەختین ... ئێوە دەمگریێنن ...

کلێر: ڕاستە ... با واز لەباسکردنی نوێژەکانمان لەبەردەم پەیکەری لەگەچ دروستکراوی پاکیزەی پیرۆزدا بێنین، تەنانەت با باسی گوڵی دەستکردیش نەکەین ... ( پێدەکەنێ ) دەستکرد! ( گوڵەکانی ژوورەکەی پیشان دەدا ) تەماشایەکی ئەم گوڵانە بکەن کە لەپێناوی مندا پشکوتوون. کلێر ... من لە مریەمی پاکیزە جوانترم و ....

سۆلانژ: بێدەنگبن!

کلێر: و ئەو کەلێنە ئاوهاییەی کە کابرای شیرفرۆش لێیەوە نیوەڕووت بۆ سەر جێگای نووستنەکەتان دێ!

سۆلانژ: خانم بەهەڵەدا چوون ... خانم ....

کلێر: دەستتان ... دەستتان لابەن! چەند جار گوتوومە کە دەستتان بۆنی دەست شۆرەکەی لێدێ ...

سۆلانژ: ڕووخان ...

کلێر: چی؟

سۆلانژ: ڕووخان ... ( جلەکان ڕێکدەخا ) من خەریکم پلان بۆ ڕووخانی عەشقەکەتان دادەنێم ...

کلێر: قەحبە بڕۆنە ئەولاوە! ( لەقەیەك لەلاجانگی سۆلانژ دەدا، سۆلانژ خۆی گرمۆڵە کردووە و دەکەوێت )

سۆلانژ: هەی دز .... من؟ ئۆە ...

کلێر: گوتم قەحبە. گەر دەتانەوێ بگرین فەرموو فرمێسکەکانتان بەرەو ژووری ژێرزەمینەکە بەرن. لەم ژوورەدا تەنها فرمێسکی ئابڕوومەندانە قەبوڵ دەکەم. لەوانەیە ڕۆژێك دامێنی کراسەکەم بەفرمێسك بڕازێتەوە، بەڵام تەنها بەفرمێسکی زۆر گرانبەها ... دامێنی جلەکانم ڕێکخەن، ڕێکیخەن!

سۆلانژ: خانم ... تووڕەن!

کلێر: لەنێوانی باسکە بۆندارەکەیدا بەرەو دۆزەخ دەڕۆم. بەرزم دەکاتەوە، دەڕۆم ... ( پێ بە زەویدا دەکێشێت ) دەمێنم. ملوانکەکە! خێراکەن ... کاتمان نییە ... گەر کراسەکە زۆر درێژە ئەوا بە دەرزییەك هەڵیکەن!

( سۆلانژ هەڵدەسێ و دەڕوا تاکو ملوانکەکە لە گەنجینەکە دەربێنێ، بەڵام کلێر زووتر ملوانکەکە هەڵدەگرێ. کاتێ دەستی کلێر بەر دەستی سۆلانژ دەکەوێ، تۆقیوانە دەچێتە دواوە ) دەستتان لابەن!
گلاون ... خێراکەن ...
سۆلانژ: پێویست ناکات هێندەش پێی لێهەڵبڕن، چاوتان بروسکە دەدا ... ئیتر گەییونەتە کۆتایی ...
کلێر: دەڵێن چی؟
سۆلانژ: حەد و حدوود خانم ... پێویستە خانم حەد و حدوودی خۆیان بپارێزن...
کلێر: چ ئاوازێکە؟! تۆڵە دەکەنەوە کچەکەم؟ خەریکە ئەو ساتە نزیك دەبێتەوە کە پێویستە تایدا واز لەدەورەکەتان بێنن ...
سۆلانژ: خانم تەواو هەستم پێدەکەن، خانم پێشم دەکەون ..
کلێر: ئێوە هەست بەهاتنی ئەو ساتەوەختە دەکەن کە ئیتر کارەکەر نین. بیر لەتۆڵە دەکەنەوە؟ خۆتان ئامادە دەکەن؟ نینۆکەکانتان تیژ دەکەنەوە؟ کینە

وەئاگاتان دێنێتەوە؟ کلێر ... بیر خۆتانی مەبەنەوە ... کلێر گوێتان لێمە؟ بەڵام کلێر ئێوە گوێم لێناگرن!

سۆلانژ: ( گێژ ) گوێم گرتووە ...

کلێر: تەنها لەپێناوی مندا ... تەنها لەپێناوی مندا کارەکەر بوونیان هەیە ... لەگەڵ جوولانەوەمدا ... لەگەڵ هاوارەکانما ...

سۆلانژ: گوێم گرتووە ...

کلێر: ( هاواردەکا ) لەسایەی منەوەیە کە ئێوە هەن کەچی گرنگیشم پێنادەن! کلێر ئێوە نازانن کە بوون بەخانم، بوون بە هۆکاری ناز و عیشوەی ئێوە چەند زەحمەتە! هەر هێندەم دەوێ بۆ ئەوەی ئێوە بوونتان نەبێ. بەڵام من باشم، من جوانم و تەحەداتان دەکەم. نائومێدیی وەك دۆستێك جوانتری کردووم ..

سۆلانژ: ( بەقێزەوە ) ئەی دۆستەکەتان!

کلێر: دۆستە نەگبەتەکەم یارمەتی نەجیبزادەیی من دەدات کچم. من بۆ ئەوە گەورە دەبم تا بچکۆلەتان بکەمەوە، دێوانەتان بکەم، کاتی هاتووە گشت فرتوفێڵەکانتان بخەنە کار!

سۆلانژ: ( سارد ) بەسە! کەواتە پەلە بکەن … ئامادەن؟

کلێر: ئەی ئێوە چۆن؟

سۆلانژ: ( زۆر گونجاو ) من ئامادەم، منیش بێزار بووم لەوەی بابەتێکی قێزەوەن بم، منیش ڕقم لێتانە …

کلێر: هێمن بن … بچکۆلە … هێمن … ( بە هێواشی لەشانی سۆلانژ دەدا تاکو هێمنی بکاتەوە )

سۆلانژ: ڕقم لێتانە! ئێوە لای من بێ نرخن، ئیتر نامترسێنن! یادەوەرییەکانی دۆستەکەتان بهێنەوە یاد کە پارێزگاریتان دەکات… ڕقم لێتانە، ڕقم لەسینەی بۆندارتانە، لە سینەی …. عاجیتان، لە ڕانی …. ئاڵتونیتان، لە پێوپوزی … عەنبەریتان … ( تف لە جلکە سوورەکە دەکا ) ڕقم لێتانە!

کلێر: ( هەناسەی تەنگ بووە ) هێمن بن بچکۆلە … هێمن …

سۆلانژ: ( قسەکانی پێدەبڕێ ) بەڵێ خانم، خانمی قەشەنگ … وا مەزەندە دەکەن کە مۆڵەتی هەموو

شتێكتان هەبێ؟ وا مەزەندە دەكەن كە دەتوانن جوانیی ئاسمانم لێ بشارنەوە؟ وا مەزەندە دەكەن بەبۆن و پۆدرە و بۆیەی نینۆك و ئاوریشم و مەخمەل و دانتێل دەتوانن ئەو شتانەم لێ بشارنەوە؟ كابرای شیرفرۆشم لێ بشارنەوە؟ ددانی پێدانێن! بەتایبەتی كابرای شیرفرۆش ...ددانی پێدانێن! گەنجیی و ڕۆح سووكییەكەی ئازارتان دەدا .. نا؟ ها ... كابرای شیرفرۆش؟ چونكە سۆلانژ ئیزعاجتان دەكا ...

كلێر: ( تۆقیوانە ) كلێر ... كلێر!

سۆلانژ: ها؟

كلێر: ( لەژێر لێوەوە ) كلێر ... سۆلانژ ...كلێر.

سۆلانژ: ئا ... بەڵێ، كلێر. كلێر ئیزعاجتان دەكا! كلێر لێرەیە، كلێر قەت هێندە ڕووناك نەبووە، كلێری نوورانی ... (زللەیەك لە كلێر دەدا)

كلێر: ئۆه! ئۆه! كلێر ... ئێوە ... ئێوە!

سۆلانژ: خانم خۆیان لەناو سەنگەری گوڵدا دەپارێزن، وا مەزەندە دەكەن كە نەزر و نیاز ڕزگاریان دەكا! بیریان لە یاخیبوونی كارەكەرەكان

نەکردۆتەوە! بەڵێ ... خانم، یاخی بوون دەستپێدەکا! با دەورەی ژیانتان پووچەڵ دەکاتەوە! جەناب تەنها دزێکی بەدبەختە و ئێوەیش یەك ....

کلێر: مۆڵەت نادەم!

سۆلانژ: مۆڵەتم نادەنێ! گاڵتە دەفەرموون! وا ڕوخساریان دەئاوسێ ... ئاوێنەتان دەوێ؟ ( ئاوێنە دەستییەکە لەبەر ڕوخساری کلێردا ڕادەگرێت )

کلێر: ( بەخۆشحاڵییەوە لەئاوێنەکەدا تەماشای خۆی دەکا ) وای ... جوانترم، کلێر مەترسی جوانترم دەکا، لەکاتێکدا کەئێوە جگە لەتاریکیی هیچ شتێکی تر نین ...

سۆلانژ: بەدۆزەخ! دەزانم، ئەم قسانەم ئەزبەرە، ئەو وەڵامەی ئێوە کە پێویستە بیدەمەوە لە ڕوخسارتانا دەیخوێنمەوە! بەم شێوەیە منیش تا کۆتایی دەڕۆم ... کارەکەرەکان ... ئازاترین کارەکەر لەوێدان، ئێوەیش جوانتر بن تاکو زیاتر ڕقتان لێیان بێتەوە. ئیتر لێتان ناترسین، ئێمە لەگەرمای خۆمان، لەباقوبریقی خۆمان و لەنەفرەتمان بەرامبەر ئێوە

سەرمان لێ شێواوە، ڕاست و چەپی خۆمان ون کردووە. خانم ئێمە دەموچاوی خۆمان دەترشێنین ... پێمەکەنن ... ئاه، بەتایبەتی بەڕەوانیی زمانەکەم پێمەکەنن ...

**کلێر:** بڕۆن!

**سۆلانژ:** خانم، دووبارە لەپێناوی خزمەت کردنتانا بۆ موبەق دەگەڕێمەوە، دووبارە لەوێدا دەسکێش و بۆنی دەم و خوڕەخوڕی بەلوعەی دەسشۆرەکە دەدۆزمەوە. ئێوە گوڵتان هەیە منیش دەسشۆر، من کارەکەرم و هیچ نەبێ ئێوە ناتوانن پیسم بکەن، تەنانەت لە بەهەشتیشدا من ئارەزوو دەکەم کە زیاتر لێتانەوە نزیك بم تاکو نەفرەتم بەرامبەرتان لەبیرکەم. تۆزێ پێبکەنن! پێبکەنن و خێرا بکەونە دۆعا کردن. زوو ... ئازیزەکەم ئێوە ئیدی گەییونەتە کۆتایی! ( دەست لەدەستی کلێرەوە دەدا، ئەو ئاگاداری گەردنییەتی ) دەستتان داگرن، ئەم گەردنە ناسکە دەرخەن! بەڵێ ... مەترسن، مەلەرزن، من زۆر بەزوویی و بێدەنگ کارەکەم جێبەجێ دەکەم، بەڵێ

... من بۆ موبەق دەگەڕێمەوە، بەڵام لەپێشدا کارەکەم تەواودەکەم.

( وا پێدەچێ کە کلێر بخنکێنێ، لەم کاتەدا کاتژمێرە زەنگدارەکە زەنگ لێدەدا، سۆلانژ دەوەستێ، هەردوو ئەکتەرەکە پێکەوە دەلکێن و واقوڕماو گوێ لەزەنگی کاتژمێرەکە ڕادەدێرن ) چ زوو؟

کلێر: با پەلە بکەین، ئێستا خانم دێتەوە! ( دەست بەداکەندنی جلەکان دەکا ) وەرن یارمەتیم بدەن، کات بەم خێراییە تێدەپەڕێ و ئێوەیش هەر تەواو نەبوون!

سۆلانژ: ( لەگەڵ یارمەتیدانی کلێردا بەدەنگێکی خەمین ) هەمیشە بەم جۆرەیە و ئەوەیش هەر خەتای ئێوەیە! ئێوە هەرگیز زوو ئامادە نابن و منیش ناتوانم بەرەو کۆتاییتان ببەم!

کلێر: کاتێکی زۆر بەپێشەکییەوە بەفیڕۆ دەدەین ... سەرنج بدەن ...

سۆلانژ: ( لەکاتێکدا کە جلەکان لەبەری کلێر دادەکەنێ ) ئاگاداری پەنجەرەکە بن!

کلێر: هێشتا کاتمان بەدەستەوە ماوە، کاتژمێرەکەم بەجۆرێکی وا میقات کردووە کە کاتی ڕێکخستنەوەی هەموو شتێکمان هەبێ …

( بەماندوویی بەسەر کورسییەکەدا دەکەوێت )

سۆلانژ: ئیمشەو هەوا وەستاوە، تەواوی ڕۆژیش هەر وەستابوو …

کلێر: بەڵێ …

سۆلانژ: کلێر … ئەم هەوایە دەمانکوژێت!

کلێر: بەڵێ …

سۆلانژ: ئیتر کاتییەتی …

کلێر: بەڵێ … ( ماندوو، هەڵدەسێ ) دەڕۆم و قەنداخەکە دروست دەکەم ..

سۆلانژ: ئاگاداری پەنجەرەکە بن!

کلێر: ( دەموچاوی پاکدەکاتەوە ) هێشتا کاتمان بەدەستەوەیە ..

سۆلانژ: ئەوە دیسانەوە سەیری ئاوێنە دەکەن! کلێر … ئازیزی دڵم …

**کلێر**: هیلاکم!

**سۆلانژ**: ( گرژ ) ئاگاداری پەنجەرەکە بن! بەهۆی گێژو وێژیتانەوە هیچ شتێك لەجێگای خۆیدا نییە. من پێویستە جلکەکەی خانم پاك بکەمەوە ... ( سەیری خوشکەکەی دەکا ) چی بووە؟ ئێستا ئیتر دەتوانن بێنەوە سەر خۆتان .. حاڵەتی خۆتان وەربگرنەوە ... کلێر .. زوو ... ببەنەوە بە کلێری خوشکم ...

**کلێر**: حەوسەڵەم نەماوە، ئەم ڕووناکییە دەمخنکێنێ.

بە مەزەندەی ئێوە خەڵکی باڵەخانەکەی بەرامبەر ...

**سۆلانژ**: دەتوانن چیمان لەگەڵدا بکەن؟ ئومێدەوارم نەتانەوێ کە لە ..... تاریکیدا کاربکەین! پێڵوو لێکنێن ... بحەوێنەوە ...

**کلێر**: ( جلە ڕەشەکانی دەپۆشێت ) ئۆه ... هەر بۆ ئەوەی شتێك بڵێم گوتم ماندووم .. سوود لەم قسەیەم وەرمەگرن تاکو دڵسۆزیی خۆتانم پیشان بدەن ... هەوڵ مەدەن بەسەرمدا زاڵ بن!

**سۆلانژ**: دەمەوێ بحەوێنەوە ... بەحەوانەوە دەتوانن زیاتر یارمەتیم بدەن ...

**کلێر**: ڕوونی مەکەنەوە ... باش تێدەگەم ..

**سۆلانژ**: هەڵبەت ڕوونی دەکەمەوە. یەکەم جار ئێوە دەستتان پێکرد، وا مەزانە لەو ئاماژەیە تێنەگەیشتم کە لەبارەی کابرای شیرفرۆشەوە گوتتان، ئەگەر ماریۆ ...

**کلێر**: ئۆو!

**سۆلانژ**: گەر دوێنێ شەو کابرای شیرفرۆش قسەی قۆڕی پێگوتبێتم ئەوا هەمان شتیشی بە ئێوە گوتووە، بەڵام ئێوە زۆر خۆشحاڵ دەبوون کە بتوانن ...

**کلێر**: ( شان بەرزدەکاتەوە ) باشترە تەماشاکەن کە هەموو شتێك ڕێکوپێکە، کلیلی گەنجینەکەش ئاوهایی بوو ... ( کلیلەکە وەردەچەرخێنێ ) بەقسەی جەناب ناتوانرێ لەسەر ئەم مێخەك و گوڵەسوورانە ....

سۆلانژ: ... بەڵام ئێوە زۆر خۆشحاڵ دەبوون کە بتوانن جنێوەکانتان لەگەڵ ...

کلێر: ... تاڵەمووی قژی یەکێ لەم دوو کارەکەرە نەدۆزنەوە ....

سۆلانژ: .... وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتیمان تێکەڵاو بکەن و ....

کلێر: ( بەگاڵتەجارییەوە ) و ..؟ و ...؟ چی؟ تەنها وشەیەك بڵێن؟ ناوێ لەم ڕووداوە بنێن! تەمسیل؟ بەهەرحاڵ کاتی دەستپێکردنی بێنەوبەردەمان نییە. ئەو؟ ئەو؟ ئێستا ئەو دێتەوە. بەڵام سۆلانژ ئەمجارە بەگیری دەهێنین، بەڕاستی بەخیلیتان پێدەبەم کە لەکاتی گرتنی کابرای دۆستیدا سەروفەساڵیتان بینیوە. بۆ تەنها جارێك کارێکی باشم کردووە. وایە. ئێوە بەبێ من ... بەبێ نامەی تاواندانە پاڵەکەی من، نمایشی دۆستی کەلەپچە لە مەچەك و خانمی چاو بەگریانتان نەدەبینی. کابرای دۆستی پێی لە زنجیردا و خانمیش هۆن هۆن فرمێسك دەڕێژێ. ئێستا

دەتوانێ بمرێ، فەقیرە ئەمڕۆ نەیدەتوانی بەپێوە خۆی ڕابگرێ.

سۆلانژ: باشتر ... دەك خۆزگە بمردایە، تا لەکۆتاییدا میراتییەکە بەرم و ئیتر پێ نەخەمەوە بەینی ئەو نۆکەر و خزمەتکارە گەلۆرانەوە.

کلێر: من ژوورەکەمانم خۆش دەوێ.

سۆلانژ: ئێستا خۆتان ناسك مەکەنەوە. لەڕقی من خۆشتان دەوێ، منێك کە ڕقم لێیەتی، لای من هەمیشە هەمان ژوری ڕووت و پیسە، خانم گوتەنی پڕە لە ئەسپێ ... بەڵام دەڵێن چی ... ئێمە دوو کارەکەری بەدبەختین.

کلێر: ئاه ... نا ... تێهەڵمەچنەوە، وا باشترە ئاگاداری پەنجەرەکە بن، من هیچ نابینم، شەوەزەنگە!

سۆلانژ: پێویستە بدوێم، پێویستە خۆم بەتاڵ بکەمەوە، من ژێرزەمینەکەم خۆش دەویست، چونکە هەژارییەکەی ناچاری دەکردم تاکو هەژارانە ڕەفتار بکەم. نە پەردە هەبوو هەڵیدەمەوە و نە فەرشێك کە لەسەری بڕۆم. نە موبیلەیەکی کە دەستی تێوە بدەم

و نه ئاوێنەیەك كە خۆمی تێدا ببینم و نە بانیژەیەكیش كە تیایدا ڕاوەستم. هیچ شتێك ناچاری نەكردین تاكو جووڵانەوەی جوانمان هەبێ! ( لاسایی جووڵەیەكی كلێر دەكاتەوە ) بەڵام دڵنیابە ئێوە لەزیندانیشدا دەتوانن بە شابانوو بوون و ماری ئەنتوانێت بوون شەوانە لەژوورەكاندا هەر پیاسەی خۆتان بكەن!

كلێر: ئێوە شێتن ...! من هەرگیز پیاسەم لەژوورەكاندا نەكردووە ...

سۆلانژ: ( بەتوانجەوە ) ئۆو ... خانباجی هەرگیز پیاسەیان نەكردووە! هەرگیز پەردە یان چەرچەفی دانتێلیان بەشانیاندا نەداوە ... نا؟ هەرگیز لە ئاوێنەدا تەماشای خۆیان نەكردووە، لەسەر بانیژەكە نەبوونەتە تاوس و سەلامیان لەو خەڵكانە نەكردووە كە هەر لەسەعات دووی بەیانییەوە لەبەر پەنجەرەكەدا ڕیز دەبەستن ... هەرگیز ... هیچ كاتێك! ها؟

كلێر: ئاخر سۆلانژ ...

سۆلانژ: شەو بۆ چاودێری کردنی هاتنەوەی خانم زۆر ڕەشە، بەخەیاڵی خۆتان لەسەر بانیژەکە نابینرێن! وادەزانن من گێلم؟ هەوڵ مەدەن ڕازیمکەن بەوەی کە گوایە بەدەم خەوەوە دەڕۆن! ئێستا بارودۆخمان جۆرێکە کە خەریکە دەگەینە کۆتایی، ئیعتیرافکەن.

کلێر: ئاخر سۆلانژ هاوار مەکەن! تکاتان لێدەکەم هێواشتر بدوێن! لەوانەیە خانم بێ خشپە بێت ... ( بەرەو لای پەنجەرەکە ڕادەکا و پەردەکە لادەبا )

سۆلانژ: پەردەکە دابەنەوە، قسەکانم تەواو، پێمخۆش نییە بەو جۆرە پەردەکە هەڵبدەنەوە. جووڵانەوەتان پەرێشانم دەکات. پەردەکە دابەنەوە، ئەو بەیانییەی کە جەنابیش دەسگیر کرا، کاتێ چاوەڕێی پۆلیسی دەکرد، بەتەواوی هەمان ئەم کارەی ئێوەی کرد!

کلێر: هەر کارێ بەلای ئێوەوە جووڵەی پیاوکوژێکە کە دەیەوێ بە پێپلیکانە نهێنییەکانا هەڵبێ ... ئێستا دەترسن ...

**سۆلانژ**: هێندە گاڵتەم پێبکەن تا لە پەلوپۆ دەکەوم، گاڵتە بکەن! دەی توخوا! هیچ کەسێك ئێمەی خۆش ناوێت، هیچ کەس خۆشی ناوێین!

**کلێر**: ئەو ... ئەو ... ئەو خۆشی دەوێین! باشە ... خانم باشە، خانم خۆشی دەوێین ...

**سۆلانژ**: وەکو کورسییەکەی خۆشی دەوێین، وەکو کاشی گوڵگوڵی ئاودەستەکەی خۆشی دەوێین و ئێمەیش ... ئێمەیش ناتوانین ... خۆمان خۆش بوێ، پیس ....

**کلێر**: ئۆو!

**سۆلانژ**: پیس پیسی خۆش ناوێت. ئێوە وا دەزانن بەبەردەوام بوون لەسەر ئەم تەمسیلە، شەو کاتێ بۆ سەر سیسەمە قەفەسییەکەم دەگەڕێمەوە شتێکم بەنسیب بووە ... خۆیشمان دەتوانین لەسەر یارییەکە بەردەوام بین. من ئەگەر تف نەکەمە دەموچاوی ئەو کەسەی کە بەکلێر بانگم دەکا ئەوا تفەکان دەمخنکێنن ... فوارەی ئاوی دەمم تاجی ئەڵماسینمە ..

کلێر: ( هەڵدەسێ و دەگری ) تکاتان لێدەکەم گونجاوتر بدوێن. لەبارەی ..... لەبارەی باشییەکانی خانمەوە بدوێن!

سۆلانژ: باشییەکانی! کاتێ ئادەمیزاد دەوڵەمەند و جوانیش بێ، ئەوا باشبوون و شیرین بوونی بۆ گەلێ ئاسانە ... ئاه! شیرینییەکەی! بەڵام کارەکەربوون و باش بوون! دڵخۆشیی کارەکەرێك لەجووڵەیەکدایە کە کاتی گسکدان و قاپ شتن دەیکا، پەڕێکی بچکۆلە وەك باوەشێن تەکان دەدا، جووڵەی نازدارانە بەپارچە پەڕۆیەکی ئەرز شتن دەکا، یاخود وەك ئێوە شەوانە مۆڵەتی ئەو شکۆیە بەخۆی دەدا کە لە ژوورەکانی خانمدا بەهرە لە نمایشێکی مێژوویی ببینێت!

کلێر: سۆلانژ بەسە! دیسانەوە تێهەڵچوونەوە! مەبەستتان چییە؟ گومان دەکەن کە تۆمەتەکانتان ئارامان بکاتەوە؟ من دەتوانم شتی خراپتر لەبارەی ئێوەوە بڵێم!

سۆلانژ: ئێوە؟ ( بێدەنگییەکی درێژ ) ئێوە؟

کلێر: بەڵێ من ... گەر بمەوێ، لەبەرئەوە .... بەکورتی دەست لە هەرچی هەیە و نییە هەڵگرین.

سۆلانژ: هەرچییەك؟ هەرچییەك؟ مەبەستتان چییە؟ ئێوە یەکەم جار لەبارەی ئەو پیاوەوە دووان ... کلێر ڕقم لێتانە!

کلێر: من زیاتر ڕقم لێتانە، بەڵام لەپێناوی هەڕەشەلێکردنتا قسەکانی کابرای شیرفرۆش ناهێنمە پێشەوە ...

سۆلانژ: کاممان هەڕەشە لەکاممان دەکەین؟ ها؟ قسە ناکەن؟

کلێر: دەست پێبکەن ... یەکەمجار ئێوە نیشانە بگرنەوە! سۆلانژ ئەمە ئێوەن کە پاشەکشە دەکەن. ئێوە زات ناکەن بەشتێکی گرنگتر، جگە لەنامەکانم بۆ پۆلیس بە هیچی تر گوناهبارم بکەن؟ ژوورەکە پڕی لە مسۆدەکانم بوو! من جوانترین حەکایەتێکم هۆنییەوە کە ئێوە کەڵکتان لێوەرگرت. دوێنێ کاتێ بەجلکی سپییەوە خۆتان بەخانم دەردەخست، شاگەشکە ببوون، خەریك بوو لە خۆشیدا دەمردن ..

وا مەزەندەی خۆتان دەکرد کە سوار کەشتی حوکمدراوانی .....

سۆلانژ: ( مامۆستایانە ) لا .. مار .... تی... نیر ....

کلێر: ببوون و بەدوای جەناب و بەدوای دۆستەکەتا دەڕۆیشتن. لە فەرەنساوە هەڵدەهاتن، لەگەڵیدا بەرەو دوورگەی شەیتان، یاخود بۆ " گۆیانا " دەڕۆیشتن. چ خەونێکی خۆشە! ئێوە لەسایەی ئازایەتی منەوە بە ناردنی نامەی بێ ئیمزا، مۆڵەتی شکۆی سۆزانییەتی نومرە یەك بوون بە سەرۆکی خانمانت بەخۆتان دەدا ... ئێوە بەقوربانیدانەکانتان دڵخۆش بوون بەوەی خاچی درێکی ناشی بکەنە کۆڵ، ئارەقەی پاك بکەنەوە، گوێڕایەڵی بن و تەنانەت بۆ ئەوەی میهرەبانییەك دەرهەقی بکرێت، ببنە کۆیلەی و لەکەشتییەکەیدا سەوڵ لێدەن.

سۆلانژ: ئەی ئێوە ... ئێوە کە ئێستا دەتانویست دوای کەون!

کلێر: من نکوڵی لێناکەم ... من حەکایەتەکەم لەو جێگەیەوە دەستپێکرد کە ئێوە جێتانهێشتبوو، بەڵام

زۆر نەرمتر لە ئێوە، لە ژوورەکەمان و لەنێو پەڕە کاغەزەکانا، لەخوتوخۆڕایی، وەك ئەوەی لەسەر ڕووی کەشتییەك بن لەترتان دەدا.

سۆلانژ: ئەی ئێوە خۆتان نەدەبینی؟

کلێر: ئۆو! چۆن! من دەتوانم سەیری ڕوخساری ئێوە بکەم و هەم ئەو خەسارەتەی کە بەهۆی قوربانییەکەمانەوە هاتۆتە دی، ببینم. ئێستا جەناب لەودیو میلەکانی زیندانەوەیە، خۆشیی لەخۆمان، لانی کەم ئیتر گاڵتەمان پێناکا و ئێوەیش باشتر دەتوانن ماندوویی خۆتان لەسەر سینگی دەربکەن، باشتر دەتوانن ڕان و شانی بەرجەستە بکەن، باشتر دەتوانن چاودێری ڕێڕۆیشتنی بکەن. وەك ئەوەی لەسەر ڕووی کەشتییەکە بن بەملاولادا لەترتان دەدا، بەم خێراییە خۆتان تەسلیمی کرد، ئەمەش بەبەهای تیاچوونمان ...

سۆلانژ: ( شەرمەزار ) چی؟

کلێر: ئاشکرا دەڵێم، بەبەهای بەبا ڕۆییینمان ... لەپێناو نووسینی نامەکانم بۆ پۆلیس، پێویستم

بەبەڵگە و بە مێژووی وورد بوو ... چیم کرد؟ ها؟ بەیادی بێننەوە .. ئازیزەکەم ... خەوە ئاڵتونییەکەنتان بێ وێنەیە! شەرم دەکەن ... ئێوەیش لەوێ بوون، من کاغەزەکانی خانم دەگەڕام و ئەو نامە درۆزنانە ئاوهاییەم دۆزییەوە ... ( بێدەنگی )

سۆلانژ: ئەی دوایی؟

کلێر: ئۆو ... ئاخرییەکەی کفرم پێدەکەن! ئەی دوایی؟ بەڵێ دواییش دەتانویست نامەکانی جەناب لای خۆتان گل بدەنەوە! هەتا دوێنێ شەو نامەیەکی جەنابم بۆ خانم لەژوورەکەمانا دۆزییەوە ...

سۆلانژ: ( بەهێرشەوە ) کەواتە شتومەکەکانم دەگەڕێن!

کلێر: ماڤی خۆمە ...

سۆلانژ: ئێستا من دەبێ سەرم لە ڕاڕایی ئێوە بسوڕمێ!

کلێر: من ڕاڕا نیم، بەڵکو بەئاگام. کاتێ هەموو شتێکی خۆم خستبووە مەترسییەوە و لەسەر

فەرشەکە کەوتبوومە سەر چۆك تا قوفڵی مێزەکە بشکێنم و حەکایەتێك بەتوخمی واقیعی بخوڵقێنم، کەچی لەوکاتەدا ئێوە ... ئێوەیەکی سەرخۆش بەچیرۆکی دۆستە کەمتەرخەم و تاوانبار و چەتەکەتان منتان تەنها جێهێشتبوو!

سۆلانژ: من ئاوێنەکەم بەجۆرێك دانابوو تاکو دەرگای هاتنەژوورەوە ببینم ... من حەرەسیاتم دەگرت!

کلێر: ئەمە ڕاست نییە ... من ئاگاداری هەموو شتێکم و ماوەیەکە چاودێریتان دەکەم. ئێوە بە وریاییەوە لەبەر دەرگاکە بوون تا یەکسەر لەگەڵ هاتنی خانمدا بۆ موبەق هەڵبێن!

سۆلانژ: کلێر ئێوە درۆ دەکەن ... من چاودێری ڕاڕەوەکەم دەکرد ...

کلێر: درۆیە! هیچی وای نەما بوو خانم لەناوەڕاستی کارەکەدا بمگرێت .. ئێوە، ئێوەیش بێ ئاگا لە دەستە لەرزۆکەکانم ئەوکاتەی کە پەڕەکانم هەڵدەدایەوە، ئێوە هەنگاوتان دەنا، بە زەریاکانا ڕەت دەبوون، لەهێڵی ئیستیواش ڕەت ببوون ...

سۆلانژ: ( به توانجەوە ) ئەدی ئێوە؟ چییە دەڵێی لەزیندەخەونەکانتان بێ ئاگان؟ کلێر ... جورئەت بدەنە بەر خۆتان و بڵێن کە هەرگیز لەبیری زیندانییەکدا نەبوون؟ کە هەرگیز بەتایبەتی خەونتان بەو دیلەوە نەبینیوە. ئازا بن و بڵێن کە بەتایبەتی ... تایبەتیی چەند وشەیەکی جوانە! تاوانبارتان نەکردووە تاکو دوایی دەوای هەوەسە نهێنییەکانتان بکا!

کلێر: بەڵام ئێوە داستانەکەتان خولْقاند! لاکەنەوە! ئاه سۆلانژ گەر خۆتان دەبینن، هێشتا خۆر دارستانە تەڕوتازەکانی سیماتان ڕۆشن دەکاتەوە! ئێوە ڕێگە بۆ هەڵهاتنی دۆستەکەتان خۆش دەکەن! ( پێکەنینێکی تووڕە ) بەڵام دڵنیابن کە من لەبەر هۆی تر ڕقم لێتان دەبێتەوە ... خۆتان باش دەزانن!

سۆلانژ: ( لەسەرخۆ ) لێتان ناترسم! گومانیشم لە ڕق و شەڕانگێزیتان نییە، بەڵام زۆر ئاگادارین ... من لە ئێوە گەورەترم!

**کلێر:** مانای چی گەورەترم؟ بەهێزتر کاممانە! ئێوە ناچارم دەکەن دەربارەی ئەو پیاوە لەگەڵتانا بدوێم تا باشتر هەست و هۆشم پەرت بکەن. وادەزانن سەر لەکارەکانتان دەرناکەم؟ ئێوە هەوڵتاندا بیکوژن...

**سۆلانژ:** تاوانبارم دەکەن؟

**کلێر:** نکوڵی لێمەکەن، بینیمن ... ( بێدەنگییەکی درێژ ) ... و ترسام، سۆلانژ ... ترسام. کاتێ تەمسیل دەکەین من دەست بە گەردنمەوە دەگرم، چونکە ئێوە بەهەوای خانم نیشانەم لێدەگرنەوە، چونکە هەستدەکەم گیانم لە مەترسیدایە...

( بێدەنگییەکی درێژ، سۆلانژ شانی تەکان دەدا )

**سۆلانژ:** ( بەپێداگرتنەوە ) بەڵێ هەوڵمدا، ئاخر دەمویست ئازادتان بکەم، چیتر حەوسەڵەم نەمابوو، بینینی تەنگەنەفەس بوون و سوورهەڵگەڕان و داڕزانتان لەباشی و خراپیی ئەم ژنەدا دەیخنکاندم! ئێوە ماڧ ئەوەتان هەیە سەرزەنشتم بکەن، ئاخر من زۆرم خۆشدەویستن و گەر بیشمکوشتایە ئێوە

یەکەمین کەس دەبوون کە دەتاندامە دەست پۆلیس و دەبوونە باعیسی دەسگیربوونم ...

کلێر: ( مەچەکی دەگرێ ) سۆلانژ ...

سۆلانژ: ( مەچەکی لەدەستی کلێر دەردەهێنێ ) منیش تێوەگلاوم!

کلێر: سۆلانژ ... خوشکە چکۆلانەکەم، قەیناکا من خەتابارم، ئێستا دێتەوە ...

سۆلانژ: من کەسم نەکوشتووە، غیرەتی ئەوەم نەبووە! تێدەگەن! من هەولّی خۆمدا، بەلاّم ئەو بەخەوەوە کەوتە سەر لا، بە ئارامی هەناسەی دەدا، چەرچەفەکەی سەر ڕوخساری پف دەدا: خانم خۆی بوو!

کلێر: بێدەنگ بن ...

سۆلانژ: جارێ نا، خۆتان ویستتان بزانن، کەواتە ئارام بگرن تاکو شتی تریش بلّێم، ئەوکاتە تێدەگەن کە خوشکەکەتان چ بوونەوەرێکە! چ نەوعێکە! کارەکەر چۆن دروست بووە! من ویستم بیخنکێنم!

**کلێر:** بیر لەخودا بکەنەوە، بیر لەخودا بکەنەوە ... بیر لەو دونیا بکەنەوە!

**سۆلانژ:** چش! لە کڕنۆش بردن بێزار بووم. دەتوانرا مەحمەڵی سووری ڕاهیبەکان یاخود بەردی تۆبەکارانی کڵێسایەك بەشی منیشی تێدابێ، هیچ نەبێ ئەو کاتە ڕەفتارم شەریفانەتر دەبوو ... بڕوانن! ئاخر بڕوانن چەند جوان ئازار دەکێشێ، ئازار دەیگۆڕێ و جوانتری دەکا. کاتێ تێگەیشت کە کابرای دۆستی دزە، ئەوسا لەبەردەمی پۆلیسدا قووت بۆوە، شاگەشکە بوو. ئێستاش بەدبەختێکی مەزنە و دوو کارەکەری وریا چوونەتە ژێر باڵی و ئازار بەئازارەکانییەوە دەکێشن. بینیتان؟ خەمی لە گڕی زێڕوزیوەکانیدا، لەئاوریشمی جل و لە شەوقی چراکاندا دەدرەوشایەوە ... کلێر ... گەر بمکوشتایە، ئەوا ڕەنگە جوانیی تاوانەکەم گشت نەگبەتی و خەمێکی قەرەبوو بکردایە، پاشان ئاگرم لە هەموو شتێك بەردەدا ...

کلێر: سۆلانژ ئارام بگرن ... بۆی هەیە ئاگرەکە نەکەوتایەوە و ئەوان ئێوەیان بدۆزیایەتەوە، خۆتان دەزانن سزای ئەو کەسانە چییە کە ئاگر دەخەنەوە.

سۆلانژ: هەموو شتێك دەزانم. چاو و گوێم بە کونی دەرگاکانەوە ناوە. من لەهەر کارەکەرێکی تر زیاتر گوێ بە کونی دەرگاکانەوە دەنێم! هەموو شتێ دەزانم، ئاگرخەرەوە! چ نازناوێکی جێی ئیعجابە ...!

کلێر: بێدەنگ بن ... واخنکام ... وا خەریکە دەخنکێم ... ( دەیەوێ پەنجەرەکە کەلا بکا ) ئاه ... باتۆزێك هەوا بێتە ژوورەوە ...

سۆلانژ: ( شڵەژاو ) دەتانەوێ چی بکەن؟

کلێر: دەمەوێ بیکەمەوە!

سۆلانژ: ئێوەیش، منیش! دەمێکە منیش هەست دەکەم کە خەریکە دەخنکێم. دەمێکە دەمەوێ لەبەردەمی هەمووان‌دا هاواربکەم، لەسەر سەربانەکان حەقیقەتی خۆم بەدەنگی بەرز بڵێم و وەك خانم بەجاددەکانا بڕۆم ..

کلێر: بێدەنگبن! مەبەستم ئەوە بوو ...

سۆلانژ: حەقی خۆتانە ... جاریٚ زۆر زووە، کارتان بەسەر پەنجەرەکەوە نەبێ، دەرگای ژووری موبەق بکەنەوە ( کلێر دەرگاکان دەکاتەوە ) بڕۆن بزانن ئاوەکە کوڵاوە ...

کلێر: بەتەنیا؟

سۆلانژ: کەواتە ئارام بگرن، ئارام بگرن تا دێتەوە! تا دێتەوە و شاڵ و فرمێسك و پێکەنین و ئاهەکانی لەگەڵ خۆیدا دێنێتەوە. ئاخرییەکەی بە شیرینییەکەی فریومان دەدا ... ( زەنگی تەلەفۆن، دوو خوشکەکە گوێ ڕادەدێرن )

کلێر: ( لەسەر تەلەفۆن ) گەورەم ... گەورەم ... گەورەم ئێوەن! گەورەم من کلێرم! ( سۆلانژ دیەوێ سەماعە یەدەگەکەی تەلەفۆنەکە وەربگرێ، کلێر پاڵی پێوەدەنێ ) زۆر باشە، بەخانم دەڵێم، زۆر باشە گەورەم، خانم بەهەواڵی ئازادبوونتان زۆر خۆشحاڵ دەبن، زۆر باشە گەورەم .. دەینووسم، سەروەرمان لە " بیلبوکە " چاوەڕێی خانم دەکەن! زۆر باشە ... شەوباش گەورەم ... ( دەیەوێ تەلەفۆنەکە داخاتەوە،

بەڵام دەستی دەلەرزێ و لەبری ئەوە لەسەر مێزەکەی دادەنێ )

سۆلانژ: ئازاد بووە؟

کلێر: دادگا بەکەفالەت ئازادی کردووە ...

سۆلانژ: کەواتە ... کەواتە هەموو شتێك نغرۆ بوو ..

کلێر: ( گرژ ) خۆتان دەبیینن ...

سۆلانژ: کار گەییە ڕادەیەك وایان لە قازییەکان کرد ئازادی بکەن. ئەمە گاڵتەبازیی کردنە بەداد و عەدالەت، ئەمە سووکایەتیی کردنە بە ئێمە. جەناب لەکاتی ئازادبوونیدا لەمەسەلەکە دەکۆڵێتەوە، ئینجا بۆ ئەوەی خەتابار بدۆزێتەوە ماڵەکە ژێرەوژوور دەکا. خۆ ئاگاتان لە سەختیی هەڵوێستەکە هەیە!

کلێر: سەرەڕای ئەو هەموو مەترسی و دەردەسەرییە، من بەئەندازەی توانای خۆم کارم کردووە ...

سۆلانژ: ( گرژ ) ئافەرین ... کاری باشتان کردووە. تۆمەتەکان، نامەکانتان، هەموو شتێ بەجوانیی دەچێتە ڕێوە، ئینجا با دەستوخەتەکەش بناسنەوە

ئەوكات چاكتریش دەبێت. یەكەم جار بۆ " بیلبوكە " دەڕوا و بۆ ئێرە نایەتەوە، دەتوانن لەمە تێبگەن؟

كلێر: گەر زۆر زیرەك بوونایە دەبوایە ئیشی خۆتان لەگەڵ خانمدا تەواو بكردایە. بەڵام ترسان، هەوا بۆندار و نوێنەكەشی گەرم، ئیتر خانم! جگە لە بەردەوامبوون لەسەر ئەو ژیانە و لەسەر ئەم تەمسیلە چ چارەیەكی تر نییە!

سۆلانژ: ئاخر تەمسیلەكە خۆیشی خەتەرە .. من دڵنیام كە ئەسەرێكمان لەدوای خۆمانەوە جێهێشتووە، ئەویش بەهۆی هەڵەی ئێوەوە.. ئەمەیە كارەكەمان، ئەوەندە هەڵە دەدۆزمەوە كە هەرگیز ناتوانم بیر خۆمی بەرمەوە، ئەویش ... بەردەوام شوێنپێمان هەڵدەگرێ تا دواجار بەگیرمان دێنێت... خەتای ئێوەیە خانم گاڵتەمان پێدەكات، خانم لەهەموو شتێك تێدەگات، هێندە بەسە تەلەفۆنێك بكات و هەموو شتێك ئاشكرابێت. ئاخری هەر تێدەگا كە ئێمە جلەكانی لەبەردەكەین، لاسایی قسەكردنی دەكەینەوە، بە ناز و چاوداگرتن كابرای

دۆستی سووك دەكەین. كلێر ... هەموو شتێك تێوەمان دەگلێنێ، هەموو شتێك تاوانبارمان دەكا. پەردەكان بەنیشانەی شانی ئێوە و ئاوێنە بەنیشانەی ڕوخساری من نەخش بوون و ئەم ڕووناكییەی كە بە دێوانەییمان ڕاهاتووە ... ئەم ڕووناكییە ددان بەهەموو شتێكدا دەنێ، بەهۆی گێژوویژیی ئێوەوە هەموو شتێك لەدەست چوو.

كلێر: هەموو شتێك بە فیڕۆ چوو چونكە ئێوە تواناتان نەبوو تا ........

سۆلانژ: تا ..........

كلێر: بیكوژن!

سۆلانژ: هێشتا هەر دەتوانم، هێزی ئەوەم هەیە ..

كلێر: لەكوێ؟ لەكوێ؟ ئێوە تەنانەت بەئەندازەی من هێز و گوڕتان نییە ... هێندە بەسە خەیاڵی شیرفرۆشێك لەكەلەتان بدا و شێتتان بكات!

سۆلانژ: كلێر ... ڕوخساریتان نەبینیوە بۆیە ئەم قسانە دەكەن. جارێكیان بەتەواوی لەخانمەوە نزیك بووم، لەخەوەكەی نزیك ببوومەوە، هێز و گوڕم

لەدەستدابوو. دەبوایە بۆ نیشانەگرتنەوە لەگەردنی، چەرچەفە تەنکەکەم لاببردایە کە لەگەڵ سینگیدا بەرز و نزم دەبۆوە ...

**کلێر:** ( به توانجەوە ) چەرچەفە تەنکەکەش گەرم بوو، شەوزەنگ بوو، خەڵکانی تر بەڕۆژی نیوەڕۆ ئەم جۆرە کارانە دەکەن. ئێوە تەنانەت تواناتان نەبوو کارێ بەو خەتەرناکییە ئەنجام بدەن ... بەڵام من، بەڵام من، دەرەقەتی دێم، من توانای هەر کارێکم هەیە و ئێوەیش باش ئەمە دەزانن ...

**سۆلانژ:** گاردینالٚ!

**کلێر:** بەڵێ، با لەسەرخۆ بدوێین. من بەهێزم، ئێوە هەوڵتاندا خۆتان بەسەرمدا زاڵ کەن!

**سۆلانژ:** بەڵام کلێر ....

**کلێر:** ببوورە ... دەزانم چی دەڵێم، من کلێرم و ئامادە، ئیتر ماندووم ... لە بوون بە جاڵجاڵۆکە، لە بوون بە چەتر، لەبوون بە ڕاهیبەی ترسناك، لە بێ خوایی و لەبێ خێزانیی ماندووم ... ماندووم لەوەی

ئاگردانێك لەجێگای میحرابم بێ، من تەنانەت لەچاوی ئێوەیشەوە، ژنێکی بێ شەرەف و بۆگەنم ...

سۆلانژ: ( شانی کلێر دەگرێ ) کلێر ئێمە تووڕەین، خانم نایەت، منیش وەڕس بووم، منیش لە لەیەکتری چوونمان وەڕسم. ئیتر تاقەتی دەست و گۆرەوییە ڕەشەکان و قژم نەماوە. خوشکێ هەرگیز لۆمەتان ناکەم، پیاسەکانتان ئارامیان دەکردنەوە!

کلێر: ( ناڕەحەت ) ئاه ... بەسە!

سۆلانژ: دەمویست یارمەتیتان بدەم، دەمویست دڵتان بدەمەوە، بەڵام دەزانم کە بەوە وەزعتان تێکدەدەم، قێزم لێدەکەنەوە .. من ئەمانە دەزانم .. ئێوەیش وام لێدەکەن قێز بکەمەوە. خۆشەویستیی لەقێزەوەنیدا خۆشەویستی نییە ...

کلێر: خۆشەویستی بێ مانایە ... بەڵام ئیتر من وەڕس بووم لەم ئاوێنە ترسناکەی کە وێنەکەم وەك بۆنێکی گەنیو بەرەو ڕووم دەنێرێ، ئێوە ئەو بۆنە گەنیوەی منن ..ئاه! زۆر چاکە .. من ئامادەم، من

تاجەکەی خۆمم دەبێ و دەتوانم لەژوورەکاندا پیاسە بکەم ...

سۆلانژ: لەگەڵ ئەم هەموو شتەشدا ... ئەوانە لەپێناوی کوشتنیدا زۆر کەمە ..

کلێر: بەڕاست؟ بەس نییە؟ بێ زەحمەت بڵێن بۆ؟ تۆ بڵێی شتێکی تر هەبێ؟ کەی و لەکوێ دەتوانین بیانووی لەمە باشترمان بەدەستەوە بێ؟ بەس نییە؟ ئەمشەو خانم بەقاقای پێکەنینەوە، بەپێکەنینە گریاناوییەکەیەوە، بەئاهەکانییەوە، شایەتی پەرێشانیی ئێمە دەبێ. نا .... من خاوەنی تاجی خۆم دەبم، من ئەو ژەهردەرە دەبم کە ئێوە نەتانتوانی ببن .. ئێستا نۆرەی منە کە بەسەرتانا زاڵ بم ...

سۆلانژ: بەڵام هەرگیز ....

کلێر: ( بەلاسایی کردنەوەی خانم، بەتەوسەوە) سفرەکە بدەنە من، جلگرەکانم بدەنێ، ئێوە بڕۆن پیاز پاك بکەن، گوێزەر بجنن، ئەرز بسڕن، تەواو ... تەواو بوو .. ئا بیرم چوو ... بەلوعەکە بگرنەوە، تەواو بوو ... جیهان لەژێر ڕکێفی خۆمدایە ...

سۆلانژ: خوشکە بچکۆلەکەم ...

کلێر: ئێوە یارمەتیم دەدەن ...

سۆلانژ: ئێوە نازانن چی بکەن، کارەکان زۆر لەمانە ئالۆزترن. کلێر ... زۆر ساکارترن!

کلێر: باسکی بەهێزی کابرای شیرفرۆش دەمپارێزێ، ئەو لەپێ ناکەوێت ... دەستی چەپم دەکەمە ملی، ئێوە یارمەتیم دەدەن. گەر کارەکە بگاتە جێگایەکی ناجۆر، گەر پێویست بێ بەرەو زیندان بڕۆم، کلێر ئێوە لەگەڵمدا دێن ... سواری کەشتییەکە دەبن. سۆلانژ نۆرەی ئێمەیە ... دەبینە دووانەیەکی تاوانبار و قەدیسێکی ئەبەدیی، ڕزگارمان دەبێ سۆلانژ ... سوێند دەخۆم ڕزگارمان دەبێ ..( بەسەر سیسەمەکەی خانمدا دەکەوێ )

سۆلانژ: ئارام بگرن ... دەتانبەم بۆ ژوورەکەتان ... بڕۆن بنوون ...

کلێر: لێمگەڕێن ... گلۆپەکە بکوژێننەوە .. تکاتان لێدەکەم تۆزێك ئەو ڕووناکییە کزکەن!

سۆلانژ: ( گلۆپەکە دەکوژێنێتەوە ) بحەوێنەوە، خوشکە بچکۆلەکەم .... بحەوێنەوە ... ( دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و پێڵاوەکانی کلێر دادەکەنێ و پێی ماچ دەکات ) ئازیزەکەم ... ئارام بگرن ... ( نەوازشی دەکا ) پێتان بخەنە ئێرە، چاو بنووقێنن ....

کلێر: ( ئاە هەڵدەکێشێت ) سۆلانژ شەرم دەکەم!

سۆلانژ: ( زۆر میهرەبان ) قسە مەکەن، حەقتان نەبێ، لێگەڕێن بتانخەوێنم. کاتێ خەوتان لێکەوت ئەوسا بۆ ژێرزەمینەکەتان دەبەم و جلەکانتان دادەکەنم و لەنێو سیسەمە قەفەسینەکەتا دەتانخەوێنم ... بنوون ... من لاتانەوەم!

کلێر: سۆلانژ ... شەرم دەکەم ...

سۆلانژ: بێدەنگبن ... دەی با حەکایەتتان بۆ بگێڕمەوە.

کلێر: ( بە سکاڵاوە ) سۆلانژ؟

سۆلانژ: ئازیزەکەم؟

کلێر: سۆلانژ ... گوێ ڕادێرن ...

سۆلانژ: بنوون ... ( بێدەنگییەکی درێژ )

**کلێر: پرچتان قەشەنگە ... چەند پرچێکی قەشەنگە! هینی ئەو ...**

**سۆلانژ: لەبارەی ئەوەوە مەدوێن!**

**کلێر: هینەکەی ئەو کلاّوەقژە ... ( بێدەنگییەکی درێژ ) بیرتان دێ .. ئێمە هەردووکمان لەژێر درەختەکەدا قاچمان دەخستە بەر هەتاو؟ سۆلانژ ....**

**سۆلانژ: بنوون ... من لێرەم .. من خوشکی گەورەتانم ... ( بێدەنگی، دوای ساتێك کلێر هەڵدەسێ )**

**کلێر: نا ... نا .. نا! چراکە داگیرسێنن، دایگیرسێنن، ساتێکی زۆر گونجاوە ... ( سۆلانژ چراکە دادەگیرسێنێ ) هەستنە سەرپێ و .... با بچین شتێك بخۆین، لە موبەق چیمان هەیە؟ ها؟ پێویستە نان بخورێت تا گیان بەبەردا بێتەوە ... وەرن و پێمبڵێن چی بخۆم ... ژەهر؟**

**سۆلانژ: بەڵێ! ژەهر ...**

**کلێر: ژەهر! ئاوا مەوەستن! پێویستە خۆشحاڵ بین و گۆرانی بڵێین، گۆرانی بڵێین وەك ئەو کاتە گۆرانی**

بڵێین که دەمانەوێ بۆ سواڵ بۆ کۆشك و سەفارەتخانەکان بچین. پێویستە پێبکەنین ... ( قاقا لێدەدا ) ئەگینا خەم لەپەنجەرەکەوە فرێمان دەداتە دەرەوە ... پەنجەرەکە داخەن! ( سۆلانژ بەپێکەنینەوە پەنجەرەکە دادەخا ) کوشتن شتێکە ... گوزارشتی لێناکرێ ... دەی با گۆرانی بڵێین، بەرەو دارستانەکەی دەبەین، گۆرانی دەڵێین، لەژێر گوڵەکانا، لەژێرخانەکەدا دەینێژین و شەوانە ئاوی دەدەین ... ( زەنگی دەرگای دەرەوە لێدەدرێ )

سۆلانژ: خۆیەتی .. هاتەوە .. ( مەچەکی خوشکەکەی دەگرێ ) کلێر دڵنیان ناشڵەژێن؟

کلێر: چەند دانە پێویستە؟

سۆلانژ: دە دانە، لە قەنداخەکەدا ... دە دانە حەبی گاردینالّ، بەلاّم ئێوە زات ناکەن ..

کلێر: ( مەچەکی ئازاد دەکا، نوێنەکە ڕێکدەخات، سۆلانژ ساتێ سەیری دەکا ) قوتووەکەی لای منە ... دە دانە ...

سۆلانژ: ( بەپەلە ) دە دانە، نۆ دانە کەمە، لە دە دانە زیاتریش دەیڕشێنێتەوە. دە دانە، قەنداخەکە زۆر خەست دروستکەن .. تێگەیشتن؟

کلێر: ( لەژێر لێوەوە ) بەڵێ ...

سۆلانژ: ( دەیەوێ بچێتە دەرێ، بەڵام دەگەڕێتەوە و زۆر بەئاسایی ) زۆر شیرین ... ( لەلای چەپەوە دەچێتە دەرێ. کلێر دووبارە ژوورەکە ڕێك دەخا و لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرێ. پاش وچانێك، لەڕاڕەوەکەدا دەنگی قاقای پێکەنینێکی توورە دەبیسترێت. خانم بەپاڵتۆیەکی پێستەییەوە لەکاتێکدا کە سۆلانژ لەپشتییەوەیەتی، دێتە ژوورەوە )

خانم: زیاتر لەجاران گوڵی ترسناك، دێوانەییە ئادەمیزاد هەر لەبەرەبەیانییەوە سەر بازاڕەکان بگرێ تاکو هەرزانتر ئەم گوڵانە بکڕێ. سۆلانژ .. ئازیزم، ئەم هەموو چاودێری کردنە لە خاوەن ماڵێکی ناشایستە! ئەم هەموو گوڵە بۆ ئەو! ئەمە لەکاتێکدا وەك تاوانبارێك ڕەفتار لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا

دەكرێ. چونكە ... سۆلانژ جارێكی تر متمانەم بە تۆ و بە خوشكەكەت دووپات دەكەمەوە، چونكە ئیتر من ئومێدم نییە، ئەمجارەیان جەناب ڕێكوپەوان دیلە! ( سۆلانژ پاڵتۆ سمۆرەییەكەی لێوەردەگرێ ) دیل!

سۆلانژ ... د ... ی ... ل! لەبارەدۆخێكی دۆزەخییدا. دەڵێن چی؟ بەڵێ ... دەستی خانمەكەتان لەپۆخڵترین و گەلۆرانەترین كارێكەوە گلاوە ... جەناب لەسەر ڕووی كا نوستووە و ئێوەیش جێگای نووستنم بۆ ڕادەخەن!

سۆلانژ: خانم پێویست ناكا هێندە نارەحەت بن. چیتر زیندانەكان وەك زەمانی شۆڕش نین ..

خانم: دەزانم لەزیندانا ... كای شێدار نییە، ئەمە دەزانم. بەڵام ئەوە وام لێناكا كە مەزەندەی قورسترین ئەشكەنجە بۆ جەناب نەكەم. زیندان پڕ لە تاوانبارە ترسناكەكانە. جەنابی هەست ناسك لەگەڵ ئەوانەدا دەژی، من وا لەشەرمەزاریدا دەمرم. كاتێ ئەو هەوڵ دەدا بەرگری لەخۆی بكا، من بەڕۆحێكی

نائومێدانەوە لەسەر چیمەنەکە بەژێر کەپرەکانا دەچمە پێش ... سۆلانژ ... من تیاچووم!

سۆلانژ: خانم دەستتان وەك سەهۆڵ ساردە ...

خانم: من تیاچووم. هەر جارێ دێمەوە دڵم بەتوندییەکی ترسناك خورپە دەدا و ڕۆژێکیش لەژێر ئەم گوڵانەی ئێوەدا دەکەوم و دەمرم .. بۆچی ئێوە گۆڕەکەم ئامادە دەکەن! بۆچی چەند ڕۆژێکە ژوورەکەم پڕ لەم گوڵانە دەکەن کە خەڵکی بۆ پرسە و ماتەمینی دەیانبەن؟ زۆر سەرمام بوو ... بەڵام ورتەیەکم لێوە نەهات، تەواوی شەو لەڕاڕەوەکاندا گەڕام، خەڵکی خەریك بوون دەبوونە سەهۆڵ، سەروسەکوت وەك مەرمەڕ، سەری مۆمیایی ... بەڵام توانیم جەناب لەنێو ئەوانەدا بناسمەوە ... ئەوەیش زۆر بەزەحمەت، خۆم گوناهبار هەستپێکرد و بینیم جەناب لەنێوانی دوو ژەندرمەوە دوور دەکەوێتەوە ...

سۆلانژ: ژەندرمە؟ خانم دڵنیان؟ دەبێ پاسەوان بووبن؟

**خانم:** ئێوه شتێك دەزانن كه من بێئاگام لێی ... پاسەوان یان ژەندرمه ... بەهەرحاڵ جەنابیان برد، ئێستایش لای ژنی قازییەك دێمەوه ... كلێر؟

**سۆلانژ:** خەریكه قەنداخەكەتان ئاماده دەكا .......

**خانم:** كەواته با پەله بكا. سۆلانژ ... بچكۆلەكەم بمبوورن ... بمبوورن، من شەرمەزارم لەوەی قەنداخ بخۆمەوه، لەكاتێكدا جەناب تەنیا، بێ خۆراك، بێ جگەره، بێ هەموو شتێك بێ! خەڵكی نازانن زیندان یەعنی چی! هێزی خەیاڵیان نییه، بەڵام من زۆرم هەیه .. هەست و سۆزم بەجۆرێكی ترسناك ئازارم دەدا. تۆ و كلێر بەختتان هەیه كه لەدونیادا تەنیان ... حەقارەتی ژیانتان بەر لەبەدبەختیتان دەگرێ.

**سۆلانژ:** ئەوان زوو پەی بەبێ تاوانی جەناب دەبەن ...

**خانم:** بێ تاوانه ... بێ تاوان! بەڵام تاوانبار بێ یان بێ تاوان من هەرگیز دەسبەرداری نابم ... هەرگیز، ئاوا دەبێ لەعەشق بەرامبەری كەسێ بگەین. جەناب تاوانبار نییه. بەڵام گەر تاوانباریش بێ ئەوا من

هاوبەشی تاوانەکەی دەبم. لەگەڵیدا تا ( گۆیانا )، تاکو سیبریاش دەڕۆم. دەزانم کە لەم گرفتارییە ڕزگاری دەبێ، بەڵام لانیکەم ئەم ڕووداوە گەلۆرانەیە وای لێکردم بزانم ڕادەی خۆشەویستیم بۆی چەندە. ئەو ڕووداوەی کە دەبوو جوێمان بکاتەوە زیاتر لەیەکتری نزیك خستینەوە، تەنانەت بەختەوەرتری کردووم، بەختەوەرییەکی ترسناك. جەناب گوناهبار نییە ... بەڵام گەر گوناهباریش بێ ئەوا بە چ شادومانییەکەوە قەبوڵی ئەوە دەکەم کە تەنانەت بەپێی پیادە زیندان بەزیندان، گرتووخانە بە گرتووخانە دوای کەوم. سۆلانژ ... گرتووخانە بەگرتووخانە خاچەکەی دەگرمە کوڵ، دەمەوێ جگەرە بکێشم ... جگەرەیەك!

سۆلانژ: مۆڵەت نادەن! مۆڵەت نادەن ژن یان دایك یا خوشکی چەتەکان ناتوانن لەگەڵ ئەوانەدا بڕۆن!

خانم: چەتە! چ ئاوازێکە کچەکەم! حوکومدراوێك چەتە نییە! خۆ من یاسا ناخەمە ژێر پێمەوە ... سۆلانژ من بێ پەروا و فێڵباز دەبم!

سۆلانژ: خانم زۆر ئازان!

خانم: هێشتا نامناسن! تۆ و خوشکەکەت تا ئێستا ژنێکتان بینیوە کە چواردەوری بەنەوازش و میهرەبانی گیراوە، لەبیری قەنداخ و دانتیلەکانیا بووە. بەڵام من پاش ماوەیەکی تر واز لەم نەریتانە دەهێنم. من بەهێزم و ئامادەی جەنگم. مەترسی لەسێدارەدانی جەناب لەمیانا نییە، بەڵام واباشترە تا ئەو سنوورەیش خۆم ئامادەکەم. من پێویستم بەم هەڵچوونە هەیە تاکو خێراتر بیربکەمەوە، تاکو بتوانم ئەو پەشێوییە لەناوبەرم کە لەمڕۆوە زیاتر دەبێ، تاکو بتوانم ئەو جاسووسانە بناسم کەپۆلیس خستوویاننەتە شوێنم.

سۆلانژ: پێویست ناکا هێندەش بترسن. من خاوەن مەسەلەی سەختترم بینیوە کە ئازادکراون. لەدادگای ئێکس ئان پیرڤانس ....

خانم: مەسەلەی سەختتر؟ ئێوە لەمەسەلەکەی ئاگادارن؟

سۆلانژ: من؟ هیچ ... لەسەر قسەکانی ئێوەوە گوتم، گومان ناکەم مەسەلەیەکی ترسناك بێ!

خانم: قسەی هەلەق و مەلەق دەکەن! ئێوە چی لەبارەی ئازادکردنەوە دەزانن؟ بۆچی ئێوە هاتوچۆی دادگاکان دەکەن؟

سۆلانژ: من ئەو مەسەلانە دەخوێنمەوە. مەسەلەی پیاوێکتان بۆ دەگێڕمەوە کە کارێکی خراپتری کردبوو ... تا ....

خانم: مەسەلەکەی جەناب بەهیچ مەسەلەیەکی تر پێوانە ناکرێ. ئاخر ئەویان بەدزیی تاوانبار کردووە ... تێدەگەن؟ بەدزی! تەواو وەك ئەو نامانەی کە بوونەتە هۆی دەسگیرکردنی ...

سۆلانژ: پێویستە خانم بحەوێنەوە ...

خانم: من ماندووم! چیتر وەك کەسێکی بێهێز ڕەفتارم لەگەڵدا مەکەن. لەمڕۆ بەدواوە ئەو خانمە نیم کە مۆڵەتی دەدانێ تاکو بۆ تەمبەڵی هانی بدەن. نامەوێ کەس بۆم بگری و بەزەیی پیامدا بێتەوە. من بەرگەی لوشکەلوشکی ئێوە ناگرم. بەزەیی و سۆزی ئێوە

دەمخنکێنێت، لەپەلوپۆم دەخا، دەمکوژێت، لوتفێ کە پاش سالانێ نەیتوانی ببێتە میهرەبانییەکی واقیعیی. ئەم گولانە بەتەواوی بۆ شتێکە جگە لە زەماوەندی بووکێنیی. ئەوەتان لەبیر چوو کە ئاگرم بۆ بکەنەوە! تۆ بلێی لەزیندانەکەیدا ئاگر هەبێ؟

سۆلانژ: ئاگر نییە … خانم! گەر مەبەستی خانم ئەوەیە کە ئێمە درێژدادڕی دەکەین …

خانم: هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە …

سۆلانژ: خانم ئارەزوو دەکەن حیسابی خەرجی ڕۆژانە ببینن؟

خانم: سەیرە! بەڕاستی گێلن؟ وا دەزانن دەتوانم بەرگەی حساب و حسابکاری بگرم. ئاخر سۆلانژ ئێوە هێندە ڕقتان لێمە کە هەر زەرافەتێکم پێ ڕەوا نابینن. هێنانە پێشەوەی ژمارە و حساب و نرخی خواردن و خانوو ئیشی ناو ماڵ، ئەمەش کاتێك کە دەمەوێ لەگەڵ خەمەکانمدا تەنیا بم. ئێستا مادام وای لێهات هێجگاری دوکاندارەکانیش بانگکەن!

سۆلانژ: ئێمە لەخەمی ئێوە دەگەین …

**خانم:** نامەوی ماڵەکە پڕکەم لەخەم ...

**سۆلانژ:** ( پاڵتۆ سمۆرەییەکە ڕێکدەخا ) بەرەکەی دڕاوە ... سبەینێ دەیدەمە بەرگدروو ...

**خانم:** باشە ... گەرچی ئەو زەحمەتەش ناهێنێ. چیتر جلوبەرگ بەلامەوە گرنگ نییە، هەستدەکەم پیرێژنێکم .. سۆلانژ، من پیرێژنێك نیم؟

**سۆلانژ:** دووبارە خەریکن ڕەشبین دەبنەوە!

**خانم:** بەلاتانەوە سەیر نەبێ، من پرسەم هەیە. ئاخر چۆن بتوانم لەبیری جل و پاڵتۆکەمدا بم لەکاتێکدا کە جەناب لەزیندانابێ؟ گەر ماڵەکە لەبەرچاوتا زۆر خەمناکە ...

**سۆلانژ:** ئۆه ... خانم ...

**خانم:** هیچ هۆیەك نییە واتان لێبکا کە هاوبەشی خەمم بن! حەقی ئەوەتان دەدەمێ!

**سۆلانژ:** پاش ئەو هەموو چاکەیەی کە خانم لەگەڵی کردووین ناتوانین دەسبەرداری بین!

**خانم:** دەزانم سۆلانژ .. ئێوە زۆر داماو بوون!

**سۆلانژ:** ئۆو ...

خانم: ئێوە تا ڕادەیەکی کەم وەك منداڵی خۆم وان. کاتێ لەگەڵ ئێوەدام ژیان کەمتر لەبەرچاومدا خەمگینە. پێکەوە بەرەو هاوینەهەوار دەڕۆین، ئێوە گوڵ دەچنن، بەڵام حەزتان لەیاری کردن نییە. هەرچەندە گەنجن بەڵام هەرگیز پێناکەنن. لەهاوینەهەوار دەحەوێنەوە، من نازتان دەکێشم، پاشان هەرچییەکم هەیە دەتاندەمێ، لەچیتان کەمە؟ هیچ … تەنها بە جلە کۆنەکانم دەتوانن وەك شازادەخانمێك جل بپۆشن ..( بەرەو لای گەنجینەکە دەڕوا و تەماشای جلەکان دەکا ) دەوای چ دەردێك دەکا؟ من ماڵئاوایی لەژیانی شکۆدار دەکەم …

( کلێر بە قەنداخەکەوە دێتە ژوورێ )

کلێر: قەنداخەکە ئامادەیە …

خانم: ماڵئاوا ئەی سەما، ئەی شەونشینیی، ئەی شانۆ … ئێوە دەبنە میراتگری هەموو ئەمانە …

کلێر: ( گرژ ) جلەکان بۆ خۆتان هەڵگرن …

خانم: ( ڕائەچڵەکێ ) چی؟

**کلێر: ( بەئارامی ) پێویستە خانم بنێرێ قەشەنگتری بۆ بنێرن ...**

**خانم: چۆن بۆ لای بەرگدروو بڕۆم؟ خەریك بووم بۆ خوشکەکەتم باس دەکرد ... جەناب دیلە، دەزانم کە پێویستە بۆ ڕۆژانی دیدەنی جلی ڕەش بپۆشم، بەڵام پاشان ...**

**کلێر: خانم زۆر ناسك دەبن، تەنانەت خەمەکەشی باعیسی ناسکپۆشیی دەبێت...**

**خانم: ها ... حەقی خۆتانە، دیسان لەپێناوی جەنابدا جل دەپۆشم. بەڵام ئێستا دەبێ جلی تایبەتی بۆ ماتەمینی دوورخرانەوەی بپۆشم. زۆر بەشکۆتر لە جلی ماتەمینی مەرگی ... جلی نوێ و تازەتر بپۆشم و ئێوەیش بە پۆشینی جلە کۆنەکانم یارمەتیم دەدەن. لەوانەیە بەپێدانی ئەو جلانە بەئێوە خێرێکم بۆ جەناب کردبێ! کێ چوزانێ!**

**کلێر: بەڵام خانم ...**

**سۆلانژ: خانم، قەنداخەکە ئامادەیە ...**

خانم: لەوێدا داینێن، ئێستا دەیخۆمەوە، جلەکانم بۆ ئێوە .. هەمووی دەدەمە ئێوە ..

کلێر: هەرگیز ئێمە ناتوانین جێگەی خانم بگرینەوە، گەر خانم دەزانێ چ ووردەکارییەك لەڕێکوپێك کردنی گەنجینەکەیدا دەکەین! گەنجینەکەی خانم لای ئێمە وەك میحرابی مریەمی پاکیزەی پیرۆز وەهایە ... کاتێ دەیکەینەوە ...

سۆلانژ: ( گرژ ) قەنداخەکە سارد دەبێتەوە ...

کلێر: کاتێ هەردوو دەرگاکەی دەکەینەوە، لای ئێمە دەڵێی ڕۆژی جەژنە. ئێمە تەنانەت زاتی سەیرکردنی جلەکانی خانممان نییە، مافی ئەوەمان نییە. گەنجینەکەی خانم پیرۆزە چونکە جێگای جلەکانی خانمە...

سۆلانژ: بە چەنەبازییتان خانم ماندوو دەکەن!

خانم: هەموو شتێك کۆتایی هات ... ( دەست بە جلە مەخمەلییە سوورەکەدا دەهێنێ ) جوانتر لەهەموو، تەواو، " لانڤان " بۆی دووریوم بەتایبەتی بۆ من ..

وەرە! بۆ ئێوە! پێشکەشتانی دەکەم ... ( جلەکە دەداتە کلێر و دیسان لە گەنجینەکەدا دەگەڕێ )

کلێر: ئۆو! بەڕاستی خانم؟ دەیدەنە من؟

خانم: ( بەشیرینی زەردەخەنە دەیگرێ ) بێگومان .. وەك گوتم بۆ ئێوە!

سۆلانژ: خانم زۆر میهرەبانن ... ( بە کلێر ) سوپاسی خانم بکەن ... دەمێکە حەزتان لێیکردووە ...

کلێر: هەرگیز زات ناکەم لەبەری بکەم ... چەند جوانە!

خانم: دەتوانن کورتی بکەنەوە، دەتوانرێ لە داوێنەوە لێی بگیرێت، زۆر گەرمیش دەبێ. من ئێوە دەناسم. جلی ئەستوور بۆ ئێوە باشە. سۆلانژ ... ئەی چی بدەمە ئێوە؟ ڕاوەستە، باشە بۆ ئێوەیش ... وەرە ئەم پێستە ڕێوییە ... ( هەڵیدەگرێ و لەسەر کورسییەکە و لەناوەڕاستی شانۆدا دایدەنێ )

کلێر: ئۆو ... پاڵتۆی ئاهەنگ!

خانم: چ ئاهەنگێك؟

سۆلانژ: مەبەستی کلێر ئەوەیە کە خانم لە جەژنە گرنگەکانا ئەم جلانە دەپۆشن...

خانم: هەرگیز ... باشە ئێوە بەختتان هەیە جلتان دەدەمێ ... من گەر خۆم بمەوێ ئەوا دەبێ بیکڕم. بەڵام من دەنێرم گرانترینیانم بۆ بێ تاکو ماتەمینییەکەی جەناب بەشکۆتر بێ!

کلێر: خانم قەشەنگن!

خانم: نا ... نا .. سوپاسم مەکەن. هێندە بەسە ئادەمیزاد دەوروبەرەکەی خۆی دڵشاد بکا، منیش جگە لە چاکەکردن کارێکی ترم نییە! دەبێ ئادەمیزاد زۆر ناڕەسەن بێ تا خراپەی بەرامبەر من لێبوەشێتەوە ... لەپێناوی چیدا؟ مەزەندەم دەکرد کە بەهۆی ژیانەوە، بەهۆی ئێوەوە زۆر بەچاکی بپارێزرێم، بەڵام هیچکام لەم دۆستییانە نەیانتوانی لەبەرامبەر نائومێدییدا ببنە شورایەکی بڵند ... من نائومێدم .. نامەکان! ئەو نامانەی کە تەنها من لێیان ئاگادارم ... سۆلانژ!

سۆلانژ: ( سەر بۆ خوشکەکەی دادەنەوێنێ ) بەڵێ خانم!

خانم: ( واقوڕماو ) چی؟ ئۆو! ئێوە! سەر بۆ کلێر دادەنەوێنن؟ چەند پێکەنیناوییە! نەمدەزانی کە هێندە قۆشمەن!

کلێر: خانم قەنداخەکە ...

خانم: سۆلانژ دەمویست ... سەیرە! دیسانەوە کێ دەستی بۆ کلیلی گەنجینەکە بردووە؟ دەمویست ... ڕاتان بزانم ئاخۆ کێ ئەم نامانەی ناردبێ؟ ئاشکرایە هیچ ڕایەکتان لەسەر ئەو مەسەلەیە نییە. ئێوەیش وەك من وەهان، ئێوەیش وەك من گێژ و وێژن ... بەڵام ئازیزەکانم لەدواییدا حەقیقەت هەر ئاشکرا دەبێ. جەناب سەر لەو نهێنییە دەردەکا! دەمەوێ دەستوخەتەکەی بپشکنن و بزانن کێ توانیویەتی پیلانێکی ئاوها بچنێ .. تەلەفۆنەکە ...! کێ دەستی بۆ تەلەفۆنەکە بردووە؟ بۆچی؟ هیچ کەس تەلەفۆنی کرد؟ ( بێدەنگی )

کلێر: بەڵی من ... کاتێ جەناب ...

خانم: جەناب؟ كام جەناب ( كلێر بێدەنگە ) قسە بكەن!

سۆلانژ: كاتێ كە جەناب تەلەفۆنی كرد …

خانم: گوتتان چی؟ لەزیندانەوە؟ جەناب لەزیندانەوە تەلەفۆنی كرد؟

سۆلانژ: جەناب بە كەفالەت ئازادكراوە …

كلێر: لە " بیلبوكێ " چاوەڕێی خانم دەكەن!

سۆلانژ: ئۆو … خانم گەر دەتانزانی …

كلێر: خانم هەرگیز لێمان نابوورێت …

خانم: ( هەڵدەسێ ) قسەشتان نەكرد! تەكسییەك …

سۆلانژ زوو، خێرا تەكسییەك، زوو .. ڕاكەن … ڕاكەن …( سۆلانژ بۆ دەرەوەی ژوورەكە دەنێرێ ) پاڵتۆكەم! بجولێن! شێت بوون یان من خەریكە شێت دەبم! ( پاڵتۆ سمۆرەییەكەی دەپۆشێت، بۆ كلێر ) كەی تەلەفۆنی كرد؟

كلێر: ( بەدەنگێكی بێ گوناهانە ) پێنج دەقیقە بەر لەهاتنەوەی خانم…

خانم: دەبوایە زوو پێتان بگوتمایە ... قەنداخەکە سارد بۆتەوە. هەرگیز ناتوانم چاوەڕێی هاتنەوەی سۆلانژ بکەم .. ئۆو! گوتی چی؟

کلێر: هیچ ... هەمان ئەو شتەی کە پێمگوتن ...

خانم: ئاە ... هەمیشە هێمن و لەسەرخۆیە، تەنانەت حوکمی لەسێدارەدانیش بەلایەوە جیاوازی نییە، تەبیعەتە ... ئێ دوایی؟

کلێر: هیچ ... گوتی دادگا ئازادی کردووە ...

خانم: چۆن دەبێ بەم نیوەی شەوە لەزیندان بێتە دەرێ؟ ئەرێ کلێر ... قازییەکان تا ئەم کاتەی شەو کاردەکەن؟

کلێر: هەندێ جار تا درەنگتریش ...

خانم: هەتا درەنگتر؟ ئێوە چۆن ئەمە دەزانن؟

کلێر: ئاگام لەو مەسەلانە هەیە، کتێبی ڕۆمانی پۆلیسیی دەخوێنمەوە...

خانم: ئۆو! بەڕاستی؟ زۆر سەیرە ... کلێر بەڕاستی ئێوە کچێکی قۆشمەن ... ( سەیری کاتژمێرە بازنەکەی دەکا ) درەنگی پێچوو ... ( بێدەنگییەکی

دریژ ) بیرتان نەچێ، بەری پاڵتۆکەمیان بدەنێ بیدوورنەوە ...

کلێر: سبەینێ دەیبەمە لای بەرگدروو ... ( بێدەنگی دریژ )

خانم: حسابەکەیش .. حسابی خەرجی ڕۆژانە ... کاتم هەیە بیهێنن ...

کلێر: لای سۆلانژە ..

خانم: ڕاستە ... چەند گێژم! سبەینێ سەیری دەکەم ... ( تەماشای کلێر دەکا ) ئا تۆزێ وەرنە پێشێ ... وەرنە پێشێ ... چیی؟ میکیاژ ... میکیاژتان کردووە؟ ( بەپێکەنینەوە ) چییە کلێر ... ئێوەیش میکیاژ دەکەن؟

کلێر: ( زۆر سەغڵەت ) خانم ...

خانم: ئاه ... نکوڵی لێمەکەن .. حەقی خۆتانە، بژین کچەکەم .. بژین! میکیاژتان بۆ کێ کردووە؟ ڕاست بڕۆن؟

کلێر: تۆزێك پۆدرەم کردووە ...

خانم: ئەوە پۆدرە نییە، ئەوە سووراوە، خۆڵەمێشی گوڵەباغە! ئەو سووراوەیە کە ئیتر من بەکاری ناهێنم ... حەقی خۆتانە ... هێشتا گەنجن، کچەکەم خۆتان جوانترکەن! ( دیسان تەماشای کاتژمێرە بازنەییەکەی دەکا ) چییان کرد؟ وا نیوەشەوە و هەر نەهاتنەوە ...

کلێر: تەکسی کەمە ... دەبێ تا وێستگەی تەکسییەکان بڕوا ..

خانم: بەڕاست؟ حسابی کاتم لا نەماوە، بەختەوەریی شێتی کردووم. لەم کاتەی شەودا جەناب تەلەفۆنی کرد و گوتی ئازاد کراوە!

کلێر: خانم دانیشن ... دەڕۆم قەنداخەکە گەرم دەکەمەوە ... ( دەیەوێت بچێتە دەرەوە )

خانم: نا ... تینووم نییە، ئەمشەو شەمپانیا دەخۆینەوە، ئەمشەو بۆ ماڵەوە ناگەڕێینەوە ...

کلێر: کەمێك قەنداخ ...

خانم: ( بەپێکەنینەوە ) من بەئەندازەیەکی تەواو تووڕەم ...

کلێر: ئاشکرایە ...

خانم: ئێوە، بەتایبەتی تۆ و سۆلانژ چاوەڕێ مەکەن، خێرا بڕۆن و بنوون.. ( لەپڕدا کاتژمێرەکە دەبینێ ) چی؟ کاتژمێر؟ لێرەدا چی دەکات؟ ئەمە لەکوێوە گەییە ئێرە؟

کلێر: ( زۆر سەغڵەت ) کاتژمێر؟ ئەمە کاتژمێری موبەقە ...

خانم: چی؟ من هەرگیز نەمدیوە!

کلێر: ( کاتژمێرەکە هەڵدەگرێ ) لەسەر ڕەفەکە بوو، دەمێکە لەوێدایە..

خانم: ( بەزەردەخەنەوە ) ڕاستە ... من کەمێك لە ئەحواڵی موبەق بێئاگام. ئەوێ شوێنی ئێوەیە، موڵکی خۆتانە، ئێوە خاوەنی ئەوێن ... بەڵام سەیرم لێدێ کە بۆچی کاتژمێرەکەتان هێناوەتە ئێرە!

کلێر: ئیشی سۆلانژە ... بۆ ئەوەی ژوورەکە ڕێکخا، ئاخر ئەو هەرگیز متمانەی بەکاتژمێری دیواریی نییە ..

خانم: ( به زەردەخەنەوە ) سۆلانژ زۆر بەمیقاتە ... بەوەفاترین کارەکەران خزمەتم دەکەن ...

کلێر: ئێمە عاشقی خانمین ...

خانم: ( بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕوا ) پێویستە وابن ... چی هەیە بۆم نەکردبن؟

( دەچێتە دەرێ )

کلێر: ( تەنیا، بە غەمەوە ) خانم وەکو شازادەکان پۆشتەی کردین. خانم چاودێری کلێر یان سۆلانژی دەکرد، چونکە خانم هەرگیز ئێمە لەیەکتر جیاناکاتەوە. خانم لەمیهرەبانییەکانیا نوقمی کردین، خانم مۆڵەتی ئەوەی بە ئێمەدا، من و خوشکەکەم بەیەکەوە بژین، ئەو شتە بچوکانەی داینێ کە ئیتر خۆی پێویستی پێیان نەبوو. خانم بێزار نابێ لەوەی یەک شەمموان بۆ کلێسا بڕۆین و لەنزیکییەوە نوێژ بکەین.

خانم: ( لەدەرەوەی کولیسەکان ) گوێ بگرن ... گوێ بگرن!

کلێر: کاتێ ئاوی پیرۆزی بۆ ڕادەگرین، لێمان وەردەگرێ و هەندێك جاریش بەنووکی دەستکێش تۆزێك بەئێمەیشدا دەپرژێنێ ...

خانم: ( لەدەرەوەی کولیسەکان ) تەکسی ... هات؟ ها ... دەڵێن چی؟

کلێر: ( بەدەنگی بەرز ) میهرەبانییەکانی خانمم دەژمارد ...

خانم: ( دێتە ژووری و بەزەردەخەنەوە ) چ شانازییەکە! چ شانازییەك و چ خەمساردییەك! ( دەست دەخاتە سەر مۆبیلەکە ) ئێوە ئێرە پڕ لەگوڵ دەکەن کەچی مۆبیلەکان پاك ناکەنەوە!

کلێر: خانم لەکارەکانمان نارازیین؟

خانم: کلێر ... زۆر ڕازیم! من دەڕۆم ...

کلێر: خانم ... گەرچی قەنداخەکە سارد بۆتەوە، بەڵام کەمێکی لێ بخۆنەوە ...

خانم: ( بەپێکەنینەوە بەسەر کلێردا دەچەمێتەوە ) ئێوە دەتانەوێت من بەقەنداخ و گوڵ و سەرپەرشتییەکانتان بکوژن! ئەمشەو ...

کلێر: ( بەتاسەوە ) تەنها تۆزێ ....

خانم: ئەمشەو شەمپانیا دەخۆمەوە ... ( بەرەو لای سینی قەنداخەکە دەڕوا. کلێر بەهێواشی لەقەنداخەکە نزیك دەبێتەوە ) قەنداخ! بەدەفری میواندارییشەوە! بە چ بۆنەیەکەوە!

کلێر: خانم ... تەنها تۆزێ بخۆنەوە ...

( کلێر دەیەوێ قەنداخەکە بکات بەدەمی خانمەوە )

خانم: ئەم گوڵانە لابەن! بیبەنە ژوورەکەی خۆتان، بحەوێنەوە! ( ئاوڕدەداتەوە، پێدەچێ بیەوێ بچێتە دەرەوە ) جەناب ئازادە! جەناب ئازادە و منیش دەچم بۆ لای ...

کلێر: خانم ...

خانم: ( خانم هەڵدێ، لەپشتەوە هاواردەکا ) ئەم گوڵانە لابەن! ئەو گوڵانە زیادەن ...

کلێر: ( تەنیا ) خانم باشن، خانم قەشەنگن، خانم میهرەبانن، بەڵام ئێمەیش نمەك حەرام نین و بەو جۆرەی کە خانم دەستووری داوە لەژوورەکانا دوعای

بۆ دەکەین. هەرگیز دەنگ بەرزناکەینەوە و تەنانەت زات ناکەین لەبەردەمیدا یەکتری بە "تۆ" بانگ بکەین. خانم بەمیهرەبانییەکانی دەمانکوژێت، بە چاکەکانی ژەهرخواردمان دەکا، چونکە خانم باشن، خانم قەشەنگن، خانم میهرەبانن. هەموو یەك شەممووانێك مۆڵەتمان دەدەنێ لەگەرماوەکەی خۆیدا خۆمان بشۆین، هەندێ جار نوقڵێکمان دەداتێ، لەگوڵە ڕزیوەکان بارمان دەکا. خانم قەنداخمان بۆ دروست دەکا، خانم لەبارەی جەنابەوە قسەمان بۆ دەکا و تامی تامیمان دەکا، چونکە خانم باشن، خانم قەشەنگن، خانم میهرەبانن!

سۆلانژ: ( دێتە ژووری ) نەیخواردەوە؟ ئاشکرایە ... دەمزانی ... دەستخۆش!

کلێر: حەزم دەکرد لەجێگەی من بوونایە ...

سۆلانژ: دەتوانن گاڵتەم پێبکەن، خانم ڕایکرد؟ کلێر ... خانم لەدەستی ئێمە هەڵهات؟ چۆن هێشتتان ڕابکا؟ ئێستا جەناب دەبینێ و لەهەموو شتێك تێدەگا ...

کلێر: هێندە گلەیی مەکەن .. گاردیناڵەکەم کردە قەنداخەکەوە، بەڵام نەیویست بیخواتەوە، خەتای منە کە ....

سۆلانژ: وەك هەمیشە ...

کلێر: کە قوڕگی خەریك بوو بەپێدانی هەواڵی ئازادکردنی جەناب ئاگری دەگرت!

سۆلانژ: ئێوە یەکەمجار دەستتان پێکرد ...

کلێر: ئێوەیش تەواوتان کرد ...

سۆلانژ: نەمدەتوانی کارێکی تر بکەم، دەمویست خۆم بگرم ... ئاه، ئێستاش تاوانبارم دەکەن. من هەموو شتێکم کرد تا ئێوە سەربکەون، بۆ ئەوەی کاتتان بۆ ئەنجامدانی کارەکە هەبێ، تا ئەو جێگەیەی کە بلوێ، هێواش هێواش بە پێپلیکانەکاندا هاتمە خوارێ، بەچۆڵترین شەقامدا ڕۆیشتم. هێندە تەکسی بەبەردەممدا تێپەڕی کە ئیتر نەمتوانی بانگ نەکەم. بێ ویست تەکسییەکم ڕاگرت، بەڵام لەکاتێکدا کە من خۆم دوا دەخست، ئێوە هەموو شتێکتان خەراپ کرد. ئێوە هێشتتان خانم بڕوا،

جگە لە هەڵهاتن چارەیەکی ترمان نییە. با کەلوپەلەکانمان بەرین، با خۆمان ڕزگارکەین ...

**کلێر:** تەواوی فێڵەکان بێسوود بوون، ئێمە بەنەفرەت بووین!

**سۆلانژ:** بەنەفرەت بووین؟ دیسان کەوتنەوە قسەی قۆڕ!

**کلێر:** خۆتان دەزانن دەڵێم چی ... باش دەزانن کە شتەکان تووشمان دەکەن ...

**سۆلانژ:** وا مەزەندە دەکەن شتەکان بیر لەئێمە دەکەنەوە؟

**کلێر:** ئیشیان ئەمەیە، خیانەتمان لێدەکەن. ئێمە دەبێ زۆر گوناهبار بین بۆیە ئاوا گەرموگوڕ تاوانبارمان دەکەن! هێندەی نەمابوو شتەکان هەموو شتێ بەخانم بڵێن. پاش تەلەفۆن، نۆرەی دەممان بوو کە خیانەتمان لێبکا. ئێوە وەك من شاهێدی گومانەکانی خانم نەبوون! بینیم یەك ڕاست ڕووە و ئاشکراکردنی نهێنییەکە دەچێ، هیچ شتێکی پەی پێنەبرد، بەڵام هەموو شتێکی هەست پێکرد!

سۆلانژ: ئەو کاتەش هێشتتان بڕوا ...

کلێر: سۆلانژ ... من خانمم بینی، بینیم کە کاتژمێری موبەق ئاشکرا دەکا کە بیرمان چوو بوو بیخەینەوە جێگای خۆی، بینیم پۆدرەی سەرمێزی ئارایشت ئاشکرا دەکا، سووراوەکەی ڕوخسارم ئاشکرا دەکا کە بەباشی پاکم نەکردبووەوە، تەنانەت ئەوەیش ئاشکرا دەکا کە ئێمە ڕۆمانی پۆلیسیی دەخوێنینەوە .. بەردەوام ئاشکرای دەکردین و منیش .... بەتاقی تەنیا .. بەرگەی هەموو ئەوانەم دەگرت، بە تاقی تەنیا شاهێدی هەرەسهێنانی خۆمان بووم ...

سۆلانژ: پێویستە بڕۆین. کەلوپەلەکانمان بەرین و بڕۆین، کلێر زووکەن... شەمەنەفەر دەگرین، کەشتی دەگرین ...

کلێر: بۆ کوێ بڕۆین؟ بۆ لای کێ؟ من هێزی هەڵگرتنی جانتایەکیشم نییە ..

سۆلانژ: بۆ هەر کوێیەك بێ دەڕۆین .. بۆ لای هەرکەسێك بێ دەچین ...

کلێر: بۆ کوێ بڕۆین؟ چۆن گوزەران بکەین؟ ئێمە هەژارین!

سۆلانژ: ( تەماشای ئەملاولا دەکات ) بیبەین ... بیبەین ..

کلێر: پارە؟ ناهێڵم ... ئێمە دز نین. پۆلیس زۆر بەزوویی دەماندۆزێتەوە ... پارە تێوەمان دەگلێنێ ... سۆلانژ .. کاتێ بینیم شتەکان یەك لەدوای ەك تووشمان دەکەن، ئیتر من لێیان دەترسێم. کەمترین هەڵە بەگیرمان دێنێ ...

سۆلانژ: نەعلەت ... نەعلەت لە هەموو شتێك ... پێویستە تەنها ڕێگەی هەڵهاتن بدۆزینەوە ...

کلێر: ئێمە تیاچووین ... تازە درەنگە ...

سۆلانژ: ئومێدەوارم نەتانەوێ لەم پەشێوییەدا بمێنینەوە، سبەینێ هەردووکیان دێنەوە. تێدەگەن کێ نامەکانی ڕەوانە کردووە ... لەهەموو شتێك دەگەن! هەموو شتێ! مەگەر نەتانبینی کەچۆن لەشادومانیدا پرشنگی دەدا! مەگەر هاتنەخوارەوەی بەپێپلیکانەکاندا، ڕێڕۆیینی سەرفرازانەی،

خۆشبەختییە ترسناکەکەیتان نەبینی؟ شادومانییەکەی لە شەرمەزاریی ئێمەوەیە، کراسەکەی لە سووریی تەریقیی ئێمەیە، پاڵتۆ فەرووەکەی ... ئاه ... پاڵتۆ فەرووەکەشی برد...

**کلێر:** زۆر ماندووم!

**سۆلانژ:** کاتی ئەوەیە سکاڵا بکەن. نەرم و نیانیتان خۆی لەکات و شوێنی خۆیدا دەردەخات.

**کلێر:** زۆر ماندووم!

**سۆلانژ:** ئاشکرایە ... کاتێ خانم بێ گوناه بێ ئەوا کارەکەرەکان گوناهبارن. بێ گوناهیی خانمیش زۆر ئاسانە. بەڵام من ... گەر کوشتنی ئێوەم پێ بسپێردرایە، سوێند دەخۆم سێ و دووم لێ نەدەکرد ...

**کلێر:** ئاخر سۆلانژ ...

**سۆلانژ:** ئاخری چی؟ ئەو قەنداخە ژەهراوییە، ئەم قەنداخەی کەنەتاندەویست بیخۆنەوە، بەزۆر شەویلاگتانم دەکردەوە و دەمڕژانە گەرووتانەوە، نەتاندەویست بمرن؟ ئەوسا لەبەر دەمتانا دەکەوتمە

سەر چۆك و بەپاڕانانەوەوە داوێنی کراسەکەتانم ماچ دەکرد بۆ ئەوەی ناچارتانکەم هەڵیقوڕێنن ... نەتاندەویست بمرن؟

کلێر: بەرەو مردن ڕۆیشتن هەروا ئاسان نەبوو ...

سۆلانژ: بەڕاستتانە؟ دەمتوانی ژیانتان پێ تەنگ کەم. کارێکم دەکرد کە بەپاڕانەوەوە ئەم ژەهرەتان لێ داوا بکردمایە. لەوانەیش بوو نەمدایە پێتان، هەرچی چۆنێك بێت ژیانتان پێ بەرگە نەدەگیرا ...

کلێر: کلێر یان سۆلانژ تووڕەم دەکەن ... من تێکەڵاوتان دەکەم، کلێر یان سۆلانژ.. هەرگیز لێکتان جیا ناکەمەوە، ئێوە تووڕەم دەکەن، تووڕەم دەکەن. من هەمیشە ئێوە بە باعیسی هەر هەموو بەدبەختییەکانمان دەزانم ...

سۆلانژ: زات بکەن و دووبارەی بکەنەوە ....

کلێر: ( بەرامبەر بە بینەران، کراسە سپییەکە لەسەر کراسە ڕەشەکەی خۆیەوە لەبەر دەکات ) من ئێوە بەتاوانێکی گەورە گوناهبار دەکەم!

سۆلانژ: دێوانەن یان سەرخۆشن! هیچ تاوانێك لەمیانا نییە. کلێر تەحەداتان دەکەم کە بە تاوانێکی دیاریکراو گوناهبارمان بکەن!

کلێر: کەواتە ئێمە ئەم تاوانە دەخوڵقێنین، چونکە ...

( لەودیو کەلەگییەکەوە هەناسەبڕکێیەتی )

دەتانویست سوکایەتیم پێبکەن! نارەحەت مەبن! تف لەڕووخسارم بکەن! بمخەنە قوڕوچڵپاوەوە!

( سۆلانژ خۆی وەردەچەرخێنی و کلێر لە کراسەکەی خانمدا دەبینێ)

سۆلانژ: ئێوە جوانن!

کلێر: پیاهەڵدان بخەنە لاوە. ئێمە دەمێکە درۆ و دڵەڕاوکێ بەرەو مەسخ بوونمان دەبات ... زووکەن! زووکەن! من چیتر تینوتاوی شەرمەزاری و سەرشۆڕییم نییە! هەمووان دەتوانن قسەکانی ئێمەیان گوێ لێبێت ... پێبکەنن، شان هەڵتەکێنن، ئێمە بە شێت و حەسوود بزانن، منیش ... کلێر ... لەتاموچێژدا دەلەرزم و دەمەوێ لەخۆشیدا بحیلێنم!

سۆلانژ: ئێوە جوانن!

کلێر: جنێو بدەن ...

سۆلانژ: ئێوە جوانن!

کلێر: لەوەگەڕێن! لەپێشەکی گەڕێن، جنێو بدەن!

سۆلانژ: ئێوە وام لێدەکەن ئەفسوون بم! حەوسەڵەم نەما!

کلێر: گوتم جنێو بدەن! چاوەڕێی ئەوە مەکەن لەپێناوی ئەو جلانەدا کەلەبەرتان کردووم چاوەڕوانی پیاهەڵدانتان بم. من بەجنێو و سوکایەتی و تف داپۆشن!

سۆلانژ: یارمەتیم بدەن!

کلێر: من ڕقم لەکارەکەرەکانە، لەخەڵکانی بێ شەرەف و نارەسەن بێزارم. کارەکەرەکان سەر بەڕەگەزی ئادەمیزاد نین. هەڵمێکن بەژوورەکانمانا، بەڕاڕەوەکانمانا دێنە ژوورێ، دێنە ناخمانەوە، گلاوومان دەکەن. من ئێوە دەرشێنمەوە! ( سۆلانژ دەجووڵێ و بەرەو لای پەنجەرەکە دەچێت ) لێرە بمێننەوە!

**سۆلانژ:** دەڕۆم بۆ ژوورەکەم ... دەچمە سەرێ ... دەچمە سەرێ ...

**کلێر:** دەزانم کە بوونیان وەك بوونی گۆڕهەڵکەن و کەناس و پۆلیس پێویستە. بەڵام ئەی ئەوانە هەمان ئەو کەسانە نین کە ئەم دونیا جوانە دەخەنە گوواوەوە؟

**سۆلانژ:** بەردەوام بن ... بەردەوام بن ..

**کلێر:** لمۆزی ئێوە ترس و پەشیمانییە، ئانیشکتان چرچ و لۆچ بووە، جەستەتان بۆ پۆشینی جلوبەرگی بەکارهێنراوی ئێمەیە. ئێوە ئاوێنەیەکن کەئێمە جۆراوجۆر پێچەوانە دەکەنەوە. ئێوە دەروازەی دەرد و دڵنیایی و سەرشۆڕی ئێمەن!

**سۆلانژ:** بەردەوام بن ... بەردەوام بن ...

**کلێر:** چیتر حەوسەڵەم نەماوە، خێراکە! تکاتان لێدەکەم ئێوە .... خوایە بەتاڵ بوومەوە و شتێکی تر نادۆزمەوە، ئیتر جنێوم پێ نەما. کلێر ... ئێوە ڕۆحمتان هێناوەتە سەر لووتم!

سۆلانژ: بهێڵن با بڕۆم. بەهەمووان ڕادەگەیەنین با بۆ تەماشاکردنمان بێنە بەر پەنجەرەکان، پێویستە گوێ لە قسەکانمان ڕادێرن ...

( پەنجەرەکە دەکاتەوە، بەڵام کلێر بۆ ژوورەکەی ڕادەکێشێ )

کلێر: خەڵکی ئاپارتمانەکەی بەرامبەر دەمانبینن!

سۆلانژ: ( لە بانیژەکەوە ) جا کوا ... هەوا خۆشە ... با دەمهەژێنێ!

کلێر: سۆلانژ ... سۆلانژ لەلام بمێننەوە ... وەرنە ژووری!

سۆلانژ: من ئەقڵم لەدەست نەداوە ... خانم ئاوازی کوکوختی هەبوو، دۆستانی هەبوو، شیرفرۆشەکەی هەبوو ...

کلێر: سۆلانژ ...

سۆلانژ: بێدەنگ ... شیرفرۆشی بەیانیانی! پەیکی سەحەری! زەنگی گوێ نەوازی! کابرای ڕەنگپەڕیو و قۆزی! بەڵام تەواو ... ئیتر کاتی سەمایە!

کلێر: چی دەکەن؟

**سۆلانژ:** ( بەشکۆوە ) من ئەم ڕووداوە ڕادەگرم، بکەونە سەرچۆك!

**کلێر:** سۆلانژ ...

**سۆلانژ:** بکەونە سەرچۆك!

**کلێر:** خەریکن زۆر پێی لیٚ هەڵدەبڕن!

**سۆلانژ:** بکەونە سەرچۆك، لەبەرئەوەی من لە عاقیبەتم ئاگادارم ...

**کلێر:** دەتانەویٚ بمکوژن؟

**سۆلانژ:** ( بەرەو لای کلێر دەڕوا ) هیوادارم. نائومێدیی ئازاترم دەکا، هەر جۆرە کارێکم لیٚ دەوەشێتەوە .. ئاه .. ئێمە بەنەفرەت بووین!

**کلێر:** بەسە!

**سۆلانژ:** ئێوە نەتانویست تا سنووری تاوانکردن بچنە پێشیٚ!

**کلێر:** سۆلانژ!

**سۆلانژ:** نەجوڵێن! با خانم گوێی لەقسەکانم بیٚ. ئێوە مۆڵەتتان دایە ڕاکا، ئێوە ... ئاه ... چەند حەیف کە ناتوانم تەواوی ڕق و کینەمی پیشان بدەم، کە ناتوانم

تەواوی ئێش و ئازارەکانمی بۆ دەرخەم. بەڵام ئێوە.... ئێوەی ترسنۆك و بێ شعور ڕێگەتاندا ڕاکا. ئێستا سەرگەرمی شەمپانیا نۆشینە... نەجوڵێن! مەرگ ئامادەیە و بۆ ئێمە خۆی مەڵاس داوە ...

کلێر: بهێڵن با بڕۆم ...

سۆلانژ: نەجوڵێن ... خانم، ڕەنگە منیش لەگەڵ ئێوەدا، ئازایەتی فریودانی خوشکەکەم و لەهەمان کاتیشدا ڕێگەی خۆم بەرەو مەرگ پەیداکەم ...

کلێر: دەتانەوێ چی بکەن؟ بەم جۆرە کارانە عاقیبەتمان چی دەبێت؟

سۆلانژ: کلێر تکاتان لێدەکەم وەڵامم بدەنەوە ...

کلێر: سۆلانژ با بەس بێت، ئیتر تاقەتم لیٚ بڕا، وازم لیٚ بێنن!

سۆلانژ: ئازیزم من بەتەنها بەردەوام دەبم. نەجوڵێن! کاتێ کەرەستەی ئاوا گونجاوتان بەدەستەوە بووبێت مەحاڵ بوو خانم بیتوانیایە هەڵبێ ... ( بەرەو لای کلێر دەڕوا ) ئەمجارەیان کاری کیژێکی هەند ترسنۆك تەواو دەکەم.

کلێر: سۆلانژ .. سۆلانژ .. یارمەتی!

سۆلانژ: ئەگەر دەتانەوێ ...فەرموو هاوار بکەن! خانم فەرموو دوا هاوارتان بکەن! ( سۆلانژ دەست دەنێتە بینی کلێر کە لە سوچێکدا گرمۆڵە بووە ) وا ئیتر خانم مردا! لەسەر سیسەمەکە کەوتووە ... بەدەستکێشی موبەق خنکێنراوە، خانم دەتوانێ دانیشێت ... خانم دەتوانێ بە مادموازێل سۆلانژ بانکم بکا، هەڵبەتە بەهۆی ئەو کارەوە کە کردم لەمەولا خانم و جەناب بە مادموازێل سۆلانژ لۆمرسیە بانگم دەکەن. دەبوایە خانم ئەو جلکە ڕەشەی داکەندایە. چەند قەشمەرییە... ( لاسایی دەنگی خانم دەکاتەوە ) سەیرکەن جلی ڕەشم بۆ کارەکەرەکەم پۆشیوە. کاتی گەڕانەوە لە گۆڕستان، تەواوی خزمەتکارانی گەڕەك لەبەردەممدا بەڕیز دەڕۆن وەك بڵێی من بەشێکی خانەوادەکە بم. بەزۆریی جۆرێك ڕەفتارم دەنواند کە لەوە دەچوو ئەویش بەشێکی خانەوادەکە بووبێ. مەرگ ئەم نوکتەیەی تەواو کرد. ئۆو خانم! من لەگەڵ خانمدا

بەرامبەرم و سەرفرازانە ڕێ دەکەم ... ( پێدەکەنێ )
نا جەنابی موفەتیش ... نا ... ئێوە هیچ شتێك لەکارەکەم نازانن! هیچ شتێك لەکارە هاوبەشەکەمان نازانن، هیچ شتێك لەهاوبەشیمان بۆ تاوان کردن نازانن! جلەکان؟ ئۆو! خانم دەتوانن بۆ خۆیانی هەڵبگرن، من و خوشکەکەم جلی خۆمان هەیە، ئەوانەی کە شەوانە بەدزییەوە لەبەریان دەکەین. ئێستا من جلی خۆم هەیە و لەگەڵ ئێوەدا هاوچەشنم. من خاوەن جلی سووری تاوانبارەکانم. جەناب دەخەمە پێکەنین؟ دەبمە هۆی زەردەخەنەی جەناب؟ وا دەزانن شێتم؟ وای بۆ دەچێت کە پێویستە کارەکەرەکان زۆر خۆش سەلیقە بن تاکو ئەو لار و لەنجانە نەنوێنن کە تایبەت بە خانمانە! بەڕاست دەمبوورن؟ ئەو خاوەن دڵ و دەروونێکی باشە، دەیەوێ بەشکۆوە لەگەڵمدا بجەنگێ، بەڵام من لەو دڕندەتریشم ماڵیی کردووە. خانم ... سەرنجتانداوە کە من چەند تەنیام؟ ئاخرییەکەی! ئێستا من تەنیام؟ دەترسم! من دەتوانم بێ بەزەییانە

لەگەڵتانا بدوێم بەڵام دەتوانم میهرەبانیش بم. ئەم ترسەی خانم قەرەبوو دەکرێتەوە. لەنێوان بۆن و گوڵ و جلەکانییەوە، بەتایبەتی ئەو جلە سپییەی کە لە شەونشینیی ئۆپرادا دەیپۆشێ، ئەو جلە سپییەی کە هەمیشە من لێیم قەدەغە کردووە. لەنێوان زێڕ و زیو و کابرای دۆستییەوە زۆر بەباشی قەرەبوو دەکرێ ... من، من خوشکەکەم هەیە. بەڵێ من ئازایەتی هەموو شتێکم هەیە ... چ کەسێ، چ کەسێ دەتوانێ بێدەنگم بکات؟ کێ دەوێرێ پێمبڵێ:"کچم"؟ من خزمەتم کردووە، ئەو جوڵانەوەیەم ئەنجامداوە کە پێویستی کارەکەرییە، زەردەخەنەم لەسەر لێوم بۆ خانم خوڵقاندووە، لەپێناوی ڕێکخستنی جێگای نووستندا، لەپێناوی شۆردنی کاشیدا، لەپێناوی سەوزە شتنەوەدا، لەپێناوی گوێ قوڵاخدانی ئەودیو دەرگادا پشتم چەماندۆتەوە. بەڵام ئێستا لەسەر پێ ڕادەوەستم، ڕێك و پتەو ڕادەوەستم، من ئادەمیزادێکی خنکێنەرم، مادموازیل سۆلانژ، ئەو کەسەی کە خوشکەکەی خۆی خنکاند! بێدەنگ بم؟

خانم بەڕاستیی هەستیارن! دڵم بۆ خانم دەسووتێ! دڵم بۆ پێستی سپی و ئاوریشمی و گوێی گچکە و مشتی بچووکی دەسووتێ، من مەلی ئاوییم! من قازیی خۆم هەیە، من بەپۆلیسەوە پەیوەستم. کلێر؟ ئەو بەڕاستی خانمی زۆر ... زۆر خۆشدەویست! نا جەنابی موفەتیش، من لەبەردەمی ئەوانەدا هیچ ناڵێم، ئەو شتانە تەنها بەخۆمانەوە پەیوەستە ... بەڵێ بچکۆلە! ئەمشەو شەوی خۆمانە! ( جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و ناشییانە دەیکێشێت، دوکەڵەکەی دەیخاتە کۆکەکۆك ) نە ئێوە و نەهیچ کەسێکی تر شتێك نازانن. جگە لەوەی کە سۆلانژ ئەمجارەیان تا کۆتایی ڕۆیشت. ئێوە ئەو بەجلکە سوورەکانییەوە دەبینن، ئەو دەیەوێ بڕوا ... ( بەرەو لای پەنجەرەکە دەچێ و دەیکاتەوە، دەچێتە سەر بانیژەکە و ئەم ڕستانە دوایی پشت لەبینەران و ڕوو لە شەو دەڵێ، شنەیەك پەردەکە دەلەرێنێ ) دەڕوا و بە پێپلیکانە گەورەکانا بەرەو خوار دەبێتەوە. پۆلیس لەگەڵیایەتی، وەرنە سەر بانیژەکە لەنێو تۆبەکارە

ڕەشپۆشەکانا تەماشای ڕێ ڕۆیشتنەکەی بکەن. نیوەڕۆیە، مەشخەڵێکی نۆ موونی بەدەستەوەیە، جەللاد لەتەنیشتیانەوە وەستاوە و قسەی عەشق بەگوێچکەیدا دەچرپێنێ. جەللاد لەلای منەوەیە .. ( پێدەکەنێ ) تەواوی کارەکەرەکانی گەڕەك، تەواوی ئەو خزمەتکارانەی کە کلێریان بۆ خانۆچکەی ئەبەدیی بەڕێ کرد، لەگەڵیدا دەڕۆن ... ( تەماشای دەرەوە دەکا ) تاجەگوڵینکە و ئالآ و ئەسپ دەهێنن، زەنگ لێدەدەن، ڕێوڕەسمی بەخاك سپاردن دەست پێدەکرێ. قەشەنگە ... نا؟ یەکەمجار سەرەك خزمەتکارەکان بەجلی ڕەسمی و بەبێ یەخەی ئاوریشمینەوە بەتاجەگوڵینکەکانیانەوە دێن، پاشان شاگردەکان و شۆفێرەکان بە پانتۆڵی کورت و گۆرەوی سپییەوە بەتاجەگوڵینکەکانیانەوە دێن، پاشان خزمەتکار و دواییش کارەکەرەکان بە نیشانەی خانەوادەیی ئێمەوە دێن، پاشان دەرکەوان و دواییش نوێنەرانی ئاسمان دێن، من ڕێنوێنییان دەکەم، جەللاد نەوازشم دەکا. ئەوان بانگم دەکەن،

منیش ڕەنگپەڕیو بەرەو مەرگ دەڕۆم .. ( دێتە ژووری ) چ گوڵێ! بەخاکسپاردنی باش بوو ... نا؟ کلێر ... کلێرە گچکە و بێچارەکەم! ( بەکوڵ دەگری و خۆی بەسەر کورسییەکەدا دەدا، هەڵدەسێ ) خانم ... بێ سوودە، من گوێ ڕایەڵیی لە پۆلیس دەکەم، تەنها ئەو تێمدەگا، پۆلیسیش پەیوەستی دونیای دەرکراوانە .. ( کلێر کە لەلایەن بینەرانەوە دەبینرێ، ئانیشکی بەدەسگرەیەکی موبەق داپۆشیوە و گوێ لەقسەکانی خوشکەکەی ڕادەگرێ ) ئێستا ئێمە مادموازیل سۆلانژ لومرسیەین، لومرسیە، تاوانباری بەناوبانگ ... ( ماندوو ) کلێر .. ئێمە تیاچووین!

کلێر: ( بەناڵەوە ... بە دەنگی خانم ) پەنجەرەکە داخەن و پەردەکان دابەنەوە!

سۆلانژ: درەنگە ... هەمووان نوستوون، با واز بێنین!

کلێر: ( بەدەست ئەمر دەکات بێدەنگ بێ ) کلێر قەنداخەکەم بۆ تێکەن!

سۆلانژ: ئاخر ...

کلێر: پێم گوتن قەنداخەکەم ...

**سۆلانژ: خەریکین لەماندووییدا دەمرین. با بەسبێ! ( لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ )**

**کلێر: ئاه ... نا ... کارەکەرەکەم! ئێوە وا دەزانن بەسەلامەتی دەردەچین؟ زۆر ئاسانە ئادەمیزاد لەگەڵ با دا پیلان بچنێ و لەگەڵ شەودا دەست تێکەڵ بکا.**

**سۆلانژ: ئاخر ...**

**کلێر: هیچ مەڵێن، من دەبێ دووایین سات ڕێکخەم ... سۆلانژ ئێوە من لەخۆتاندا دەپارێزن!**

**سۆلانژ: نا ... نا! ئێوە شێتن ... ئێمە دەڕۆین، کلێر زووکەن .. لێرە نامێنین، ماڵەکە ژەهراویی بووە.**

**کلێر: لێرە بمێننەوە!**

**سۆلانژ: کلێر مەگەر نابینن چەند لاوازم؟ نابینن چەند ڕەنگم پەڕیوە؟**

**کلێر: ئێوە ترسنۆکن! گوێ ڕایەڵم بن. سۆلانژ ئێمە لەسەرەتاداین و تا کۆتایی دەڕۆین. ئێوە بەتەنها بوونی هەردووکمان لەخۆتانا هەڵدەگرن، پێویستە بۆ ئەم کارەیش زۆر بەهێز بن. لەزینداندا هیچ کەس تێناگا لەوەی کە من بەنهێنی لەگەڵتانام، بەتایبەتی**

ئەوکاتەی کە حوکم دەدرێن. ئەوە لەبیر مەکەن کە ئێوە منتان لەخۆتانا هەڵگرتووە، ئەویش بەتەرزێکی زۆر گرانبەها. ئێمە جوان و ئازاد و خۆشحاڵ دەبین، سۆلانژ نابێ تەنها یەك دەقیقە چییە بەهەدەر بدەین!

سۆلانژ: بڵێن ... بەڵام زۆر لەسەرخۆ ...

کلێر: ( ئامێرئاسا ) پێویستە خانم قەنداخەکەیان بخۆنەوە ...

سۆلانژ: ( گرژ ) نا ... نامەوێ ..

کلێر: ( مەچەکی دەگرێ ) قەحبە! دووبارەی بکەنەوە ... پێویستە خانم قەنداخەکەیان بخۆنەوە ...

سۆلانژ: خانم قەنداخەکەیان بخۆنەوە ...

کلێر: چونکە دەبێ بنوون ...

سۆلانژ: چونکە دەبێ بنوون ...

کلێر: منیش بەئاگا بم ...

سۆلانژ: منیش بەئاگا بم ..

کلێر: ( لەسەر تەختی نووستنەکەی خانم ڕادەکشێ ) دووبارەی دەکەمەوە. قسەکانم پێ مەبڕن، گوێتان

لێمە؟ بەقسەم دەکەن؟ ( سۆلانژ سەری قاییل بوون دەلەقێنێ ) دووبارەی دەکەمەوە ... قەنداخەکەم!

سۆلانژ: ( ناقاییل ) ئاخر ....

کلێر: گوتم ... قەنداخەکەم ...

سۆلانژ: بەلاّم خانم ...

کلێر: زۆر چاکە ... بەردەوامبن ...

سۆلانژ: بەلاّم خانم ... سارد بۆتەوە!

کلێر: قەیناکا ... دەیخۆمەوە ... بمدەنێ ... ( سۆلانژ سینییەکەی بۆ دەبا ) لەباشترین و بەنرخترین فنجاندا تێتان کردووە ... ( فنجانەکە هەڵدەگرێ و دەیخواتەوە، سۆلانژ ڕووی لەبینەرانە و بێ جووڵە وەستاوە، هەروەك بلێی کەلەپچەی کرابێتە دەست )

**تاریکیی**